# ئاکشن

کتێبی شانۆ بۆ مێردمنداڵان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئاكشن

کتێبی شانۆ بۆ مێردمنداڵان

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

عەبدوڵڵا سلێمان "مەشخەڵ"



ناوی کتێب: ئاکشن – کتێبی شانۆ بۆ مێردمنداڵان
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سلێمان "مەشخەڵ"
هەڵەگری: عەبدولخالق یەعقووبی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٦٦٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقیيان
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٢٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

ئەوەی لە پێشدا جێی ئاماژەیە ئەم نامیلکەیە بریتییە لە ١٢ شانۆگەری زۆر کورت کە بەزمانێکی سادە لە هەلومەرج و ژیانی گەنج و لاوەکان بە تایبەتی (مێردمنداڵانی) وڵاتانی خۆرئاوای دەیەی حەفتای سەدەی ڕابردوو و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردەو خێزان دەدوێت. هەرچەندە دەیەی حەفتای سەدەی ڕابردووی وڵاتانی خۆرئاوا پێشکەوتووترە بەبەراورد بە کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستان، بەڵام لە زۆر ڕوو و شێوەوە نزیکایەتی لەنێوانیاندا دەبینرێت. یان باشتر بڵێم کۆمەڵگای کوردستان لە ئایندەیەکی دوور یان نزیک دەگاتە پلەیەک لە پێشکەوتن کەلەم شانۆنامەیانەدا دەبینرێن. ئەمەش خاڵێکی هاندەر بوو بۆ وەرگێڕانیان بۆ کوردی. لەلایەکی تریشەوە ئەم تێکستانە وەکو وانە لە قوتابخانەکان دەخوێنرێن و دەکرێت ئێمەی کوردیش سوودی خۆمانی لێ ببینین جا چ بە خوێندنی بێت لە قوتابخانەکان یان لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەتایبەت لە بەشی شانۆ. من پێم وایە



خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی کوردستانی باشوور بە سیستمێکی نا ڕێک و نا تەندروست بەڕێوە دەچێت. خوێندنی زمانی کوردی ئەو بایەخە چڕو پڕەی پێ نەدراوە و ئەو هۆشیاریەش لای دەزگا پەیوەندیدارەکان جێی بایەخ نییە کە خوێندنی زمانی کوردی بە سیستمێکی نوێی ئەکادیمییەوە بکرێتە ئامانجێکی پەروەردەیی.

تێکستەکان بە زمانێکی سادە نووسراون، کە بۆخۆی ئامانجی پەروەردەیی و تەعلیمییان لە پشتەوەیە و منیش هەر بەو زمانە سادەیەوە وەرمگێڕاون. هیوادارم ئەم کۆشش و تەقەللایەم بایەخی خۆی هەبێت و جێگایەکی پێ ڕەوا ببینرێت لە کتێبخانەی کوردی. هەر سەرنج و ڕەخنەیەکیش سەبارەت بەم کارەم کە ئامانجی خزمەتکردنی لەپشتەوە بێت جێگای ڕێز و تەقدیر دەبێت.

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

ئۆکتۆبەری/٢٠٠٥

## شانۆگەری یەکەم:

### چی لە تۆماس دەکەیت؟

نووسینی: ف. ل. بێرنستەین

**دیمەن:** لە ماڵی کارۆڵس ئاهەنگە. خەڵکی خەریکی قسە و سەماکردنن. کارۆڵ و لێستەر شانزە ساڵانن و خەریکن قسان دەکەن.

**لێستەر:** ئەمە ئاهەنگێکی زۆر خۆشە، کارۆڵ.

**کارۆڵ:** دەبێت ئاهەنگێکی خۆش بێت. زۆر لەدایکم پاڕامەوە تا ڕێی پێدام سازی بکەم.

(لەوکاتەدا نەتالیا و ڤینی بە ڕاکردن دێنە ژوورەوە. تووڕە و نیگەران دیارن.)

**ڤینی:** کارۆڵ، کەسێک پارەکەی بردووم!

**نەتالیا:** پارەی منیش!

**کارۆڵ:** ئۆه، نا! تۆ گاڵتە ئەکەیت.

**نەتالیا:** (خەریکە بگریت) پێنج دۆلاری کاغەزم هەبوو. کە پارەی نانخواردنی نیوەڕوانی هەفتەیەکم بوو.

**ڤینی:** (تووڕەیە) دە دۆلارم هەبوو، وەک چۆن دڵنیام هاتم بۆ ئەم ئاهەنگە، ئاواش دڵنیام لە هەبوونی پارەکەم.



**ئارچرۆ:** من ئەڕۆم گیرفانی پاڵتۆکەم ئەگەڕێم.

**لێستەر:** منیش ئەڕۆم ئەگەڕێم (لێستەر و ئارچرۆ بەپەلە دەچنە دەرەوە)

**نەتالیا:** (بەگریانەوە) نازانم چی بکەم.

**کارۆڵ:** لەوانەیە پارەکەت هەر بزر بووبێت.

**ئارچرۆ:** (لە دوای لێستەر ەوە دێتەوە ژوورەوە) کەسێک ڕادیۆکەی منیشی بردووە.!

**ڤینی:** باشە، ئێمە شتێک ئەزانین. ئەزانین لە کوێ ڕووی داوە.

**لێستەر:** هەروەها ئەمشەو ڕووی داوە.

**نەتالیا:** دەبێت یەکێک لە ئێمە ئەو کارەی کردبێت.

**ئارچرۆ:** تۆ دەقەیەک ڕاوەستە. ئایا هەموومان لێرەین؟ (ئارچرۆ کەوتە ڕوانین بە نێو ژوورەکەدا و ژماردنی خۆیان.) تۆماس لە کوێیە؟

**نەتالیا:** تۆماس؟ ئۆه.. نا.

**ڤینی:** من تەلەفۆن بۆ پۆلیس ئەکەم.

**ئارچرۆ:** جارێ ڕاوەستە، ڤینی. نازانین تۆماس هیچی بردووە.

**کارۆڵ:** ناکرێت تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەین! ئەزانن تۆماس خراپی بەسەردێت.

**لێستەر:** ئەگەر تۆماس جارێکی تر تووشی گیروگرفت ببێتەوە، زیندانی ئەکەن.

**ڤینی:** باشە، دەبوایە بیری لەوە بکردایەتەوە پێش ئەوەی پارەکەم ببات.

**ئارچرۆ:** ئێمە هێشتا نازانین ئایا تۆماس ئەم کارەی ئەنجامداوە یان نا.

**کارۆڵ:** پێویستە شتێک بکەین. ئایا تەلەفۆن بۆ ماڵەوەیان بکەین؟

**لێستەر:** یان برۆ بیدۆزەرەوە.

**ڤینی:** (هەر تووڕەیە) لەوبڕوایەدام پێویستە تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەین!
(لەو کاتەدا زەنگی دەرگا لێ درا. هەموو بێدەنگ بوون. گشت تەماشای کارۆڵیان دەکرد کە دەچوو دەرگاکە بکاتەوە.)

**کارۆڵ:** (دەرگاکە دەکاتەوە) تۆماس! (تۆماس بە ڕاکردن هاتە ژوورەوە و دەرگاکەی داخست. وەک ترسابێت دەهاتە بەرچاو، بەلام هەوڵی دەدا خۆی بەهێز نیشان بدات.) گوێ بگرن تا ئەو جێگایەی کە دەیزانن من هەرگیز ئەم ئاهەنگەم جێ نەهێشتووە. تێگەیشتن؟

*وای دابنێ تۆ ڤینیت. چی بە تۆماس ئەڵێیت؟ وای دابنێ تۆ کارۆڵیت. چی بە تۆماس ئەڵێیت؟ لەو بڕوایەدای ئارچرۆ چی بڵێت؟ ئایا لەو بڕوایەدای تۆماس پارە و ڕادیۆکەی بردبێت؟ ئایا لەو بڕوایەدای هاوڕێکانی تۆماس دەبێت تۆماس بپارێزن؟*



# شانۆگەری دووەم:

## بیانوو

نووسینی: جولیا ڕیماین پیگین

**دیمەن:**

دوکانی نانەوایی (بێنێت)ە. سو لویس، شاگردی مستەر بێنێت دێتە ژوورەوە. تەمەنی لەدەوروبەری شازدە ساڵان دەبێت. مستەر بێنێت تووڕەیە و تەماشای سەعاتەکەی دەستی دەکات.

**مستەر بێنێت:** دیسانەوە درەنگ هاتی؟ ئەمجارە بیانووت چییە؟

**سو:** ئۆه، مستەر بێنێت، داوای لێبووردن ئەکەم.......

**مستەر بێنێت:** پێم مەڵێ، نامەوێت گوێم لێ بێت، تۆ دواکەوتی لەبەر ئەوەی دایکت نەخۆش بوو. ئۆتۆمبێلەکەت کاری نەدەکرد. شەقامەکەی تەنیشت ماڵتان شۆردرابوو، من بێزار بووم لە بیانووهێنانەوە. ئەمەوێت لە کاتی دیاریکراودا لێرە بیت. تۆ پێت وتم تۆ پێویستیت بەم کارەیە.

**سو:** بەڵێ وا ئەکەم. من و دایکم تەنیاین و....

**مستەر بێنێت:** باشە، هەموو ڕۆژێک دواکەوتن لە کار بەم شێوەیە ناتوانیت لە کارەکەت بەردەوام بیت، سو. هەروەها کاتێک لێرەی ئیشی باش ئەکەیت. من پێویستیم بە کەسێکە لێرە بێت

کاتێک سبەینان دوکانەکە ئەکەمەوە.

**سو:** ئەزانم، مستەر بێنێت. بەڵێنت دەدەمێ ئەمە دواجارە کە دوا دەکەوم.

**مستەر بێنێت:** منیش هەمان بەڵێنت دەدەمێ. جارێکی تر دوابکەویت، دەکرێیتە دەرەوە. منیش بەجدیمە. گرنگ نییە بیانووەکەت هەرچییەک بێت من قەبووڵی ناکەم. تێگەیشتیت؟

**سو:** بەڵێ، مستەر بێنێت. تێگەیشتم.

**مستەر بێنێت:** زۆر باشە. با دەست بە کارەکانمان بکەین.

**دیمەن:** بۆ ڕۆژی دوایی ماڵی لویسە. سو لەگەڵ دایکیدا لە نێو چێشتخانەکەیانن. مێزەکەیان بۆ نانخواردنی سبەینێ ڕازاندووەتەوە. سو پرتەقاڵێکی هەڵگرت و بەنیازی چوونە دەرەوە بەرەو دەرگاکە ڕۆیی.

**مس لویس:** سو! نانخواردن بەم شێوەیە نابێت. بگەڕێوە و دانیشە. تۆ هەموو ڕۆژەکە بەپێوەیت. پێویستیت بە نانخواردنێکی باشە.

**سو:** ناتوانم دایکە. لە ئیشەکەم دوادەکەوم. (کەسێک دەرگای پشتەوە دەکوتێت و هاوار بۆلویس و کچەکەی دێنێت).

**ئان:** مس لویس! سو! لە ماڵەوەن؟ پێویستیم بە یارمەتییە.

**مس لویس:** ئەوە ئانی دراوسێمانە (مس لویس دەرگاکەی کردەوە. ئان هاتە ژوورەوە کچە تەمەن دوو ساڵانەکەی بەدەنگی بەرز دەگریا).

**ئان:** ئۆه.. سو، خۆشحاڵم تۆ هێشتا نەڕۆیشتووی. ڕۆزی کچم لەسەر پەیژەوە کەوتۆتە خوارەوە. لەوانەیە قۆڵی شکابێت. مێردەکەم



لەماڵ نییە و چووە بۆ کار. ئایا ئەتوانیت تا نەخۆشخانەمان بگەنیت؟

**مس لویس:** بەدڵنیاییەوە، ئەتوانێت. نیگەران مەبە ئان. نەخۆشخانەکە زۆر دوور نییە تەنها دە تا پازدە دەقیقە دەخایەنێت، سو چاوەڕوانت دەکات و دواتر دەتهێنێتەوە ماڵەوەش.

**سو:** دایکە، تۆ دەقیقەیەک بوەستە. من ناتوانم ئان ببەم بۆ نەخۆشخانە. لەکارەکەم دوا دەکەوم. مستەر بێنێت پێی وتووم کە ئەگەر جارێکی تر دوابکەوم دەرمدەکات. ئایا نەخۆشخانە ناتوانێت کەسێک بنێرێت؟

**ئان:** (دەست بە گریان دەکات)سو، تکایە. لەوانەیە ڕۆزی زۆر ئازاری پێگەیشتبێت. دەبێت هەر بمانگەیەنیت. کەسێکی تر شک نابەم.

**مس لویس:** سو، ئەوە بیر لەچی دەکەیتەوە؟ ڕۆزی ئازاری هەیە.

**سو:** بەڵام دایکە من لەکارەکەم دوا دەکەوم!

*ئەگەر تۆ لەجێگای سو بویتایە چیت دەکرد؟ بەبڕوای تۆ کامیان گرنگترن – ڕۆزی یان کارەکەی سو؟ لەو بڕوایەدای مستەر بێنێت جیدی بوو لەوەی کە وتی؟ ئایا ئەتوانیت بیر لە ڕێگایەکی تر بکەیتەوە کە سو یارمەتی ئان بدات و لە کارەکەشی دوا نەکەوێت؟*

## شانۆگەری سێیەم:

### ببە بە هاوڕێ

نوسینی: دەینا ئاناستیاسۆ

**دیمەن:**

پۆلی قوتابخانەیە،مستەر دەیڤز ی مامۆستا لەسەر مێزەکەی دانیشتووە. ژوورەکە چۆڵە تەنها دوو کوڕ نەبێت دەیڤ و جیم کە لەتەنیشت مێزەکەوە وەستاون.

**مستەر دەیڤز:** پێم وا بێت دەتانەوێت بزانن بۆچی وەرەقەی تاقیکردنەوەتان بۆ نەگێڕدراوەتەوە.

**جیم:** بەڵێ وایە دەمانەوێت بزانین.

**مستەر دەیڤز:** من تێبینی شتێکم کرد وەختێک وەرەقەی تاقیکردنەوەکانم نمرە دەکرد. دەیڤ بینیم زۆرێک لە وەڵامەکانت کتومت لە وەڵامەکەکانی جیم دەچێت. کە هەردوو وەڵامەکەم بەراورد کرد بینیم ڕاستە. وەڵامەکان وەکو یەکن. جا یەکێک لە ئێوە کۆپی ئەوی تری کردووە. ئەمەوێت بزانم کێتان کۆپی کردووە. (دەیڤ و جیم تەماشای یەکتریان کرد و هیچیان نەوت).

**مستەر دەیڤز:** زۆر باشە. من بۆ پێنج دەقیقە دەچمە دەرەوە وەختێک دەگەڕێمەوە وەڵامم دەوێت. ئەگەر وەڵامم نەدەنەوە هەردوکتان



لەتاقیکردنەوەکە دەرناچێنم. هیوادارم ناچار نەبم ئەو کارە بکەم. (مستەر دەیڤز دەچێتە دەرەوە)

**جیم:** (ڕوو لە دەیڤ دەکات) تۆ پێی دەڵێیت یان من پێی بڵێم.

**دەیڤ:** کوڕی باش من دڵنیام ئەمجارە هەموو شتێکم خراپ کرد.

**جیم:** بەدڵنیاییەوە کردت. تۆ مەفروزە هاوڕێم بیت. بۆ جارێکی تر وریای خۆت بە. وریای خۆت ئەبیت؟

**دەیڤ:** جیم دەبوایە بمکردایە چاری ترم نەبوو. ئەگەر لەم تاقیکردنەوەیە دەرنەچم ئەوا لە وانەی ئینگلیزی دەرناچم.

**جیم:** تۆ دەتوانیت بخوێنیت و پاشان لەتاقیکردنەوە دەربچیت.

**دەیڤ:** خوێندم.

**جیم:** لەگەڵ ئەوەشدا نەتتوانی وەڵامەکان بنووسیتەوە؟

**دەیڤ:** نەخێر.

**جیم:** باشە ئەتەوێت چی بکەم؟ بێدەنگ بم؟

**دەیڤ:** ئیتر هەردوکمان دەرناچین. چی باشە بیکەین؟

**جیم:** شتێکی وا نا شایانی باسکردن بێت. تەنها دەرنەچوونم ئەوێت وەکو کونێک لە تەوقی سەرم بکرێت.

**دەیڤ:** جیم. دەرنەچوون بۆ تۆ ئەوەندە گرنگ نییە. تۆ ئێستاش نمرەی بەرز بەرزت هەیە. بەڵام من... ئەمە چیرۆکێکی ترە.

**جیم:** باشە ئەتەوێت چی بکەم؟ پێی بڵێم کە من کۆپیم لەسەر تۆ کردووە.

**دەیڤ:** ئەزانم ئەمە داوایەکی قورسە. بەڵام چیتر ئەتوانین بکەین؟ تۆ ئەتوانیت بڵێیت کە پێشتر هەرگیز کاری لەو چەشنەت

نەکردووە. پێی بڵێ جارێکی تر کاری لەو جۆرە ناکەیتەوە. ئەو تۆی خۆش ئەوێت و هەموو شتێکیش باش ئەبێت.

**جیم:** چەند منی خۆش ئەوێت کاتێک پێی بڵێم کە کۆپی تۆم کردووە؟ تۆ داوای ئەوەم لێ دەکەیت کە بڵێم کۆپی تۆم کردووە. پاشان تۆ لە وانەی ئینگلیزی دەربچیت و منیش دەرنەچم؟ تۆ ئەمەت پێ ڕاستە؟

**دەیڤ:** لەو بڕوایەدام. ئەمە تەنها ڕێگەیە کەلە ئینگلیزی دەربچم،دەی جیم ببە بە هاوڕێم.

*وای دابنێ تۆ جیمی. ئایا چی بە هاوڕێکەت ئەڵێیت؟ بێدەنگ ئەبیت؟ بۆچی؟ حەز ئەکەیت هاوڕێی لە چەشنی دەیڤت هەبێت؟ بە بڕوای تۆ چیت لەم هاوڕێیەتیە دەست دەکەوێت؟*



## شانۆگەری چوارەم:

### کار بۆ جودی

نووسینی: پاتتی بریسکۆ

**دیمەن:**

ماڵی ستێرنە. ڕۆیێرتە ی ١٣ ساڵان و ڕۆی برای ١٦ ساڵان لە ژووری مێوان تەماشای تەلەفیزیۆن دەکەن. جودی خوشکیان تەمەن ١٨ ساڵ دێتە ژوورەوە و دەست بە پێکەنین دەکات.

**جودی:** دەستم کەوت!کارم دەست کەوت. ئەمڕۆ ڕاهێنانیشم کرد.

**ڕۆی:** ئەمە زۆر چاکە جودی. لەناخی دڵمەوە خۆشحاڵم بۆت. پێ دەچێت ئیشێکی باش بێت.

**ڕۆبەرتە:** مەبەستت ئەو ئیشەیە کە پێت وتم؟ ئیش کردن بۆ دوکانی گوڵفرۆشی ویلسن؟

**جودی:** (بەپێکەنینەوە) بەڵێ خۆیەتی. سایەقەکەی تر (چوک) ئەمڕۆ سەعات چوار دێت هەڵم دەگرێت.

**ڕۆبەرتە:** (سەری با دەدا) دایە و بابە لە تاودا سەکتە دەکەن.

**جودی:** بەلامەوە گرنگ نییە ئەمە ژیانی خۆمە هێندەم تەمەن هەیە بە ئارەزووی خۆم چیم بوێت بیکەم.

**ڕۆی:** لەو بڕوایە دام ئەمە زۆر چاکە.

**ڕۆبەرتە:** لەو بڕوایەدا نیم. (مس ستێرن دێتە ژوورەوە).

**مس ستێرن:** چی لەو بڕوایەدا نیی ڕۆبەرتە؟

**ڕۆبەرتە:** لەو بڕوایەدا نیم کارە تازەکەی جودی کارێکی باش بێت.

**مس ستێرن:** (ڕوو لە جودی دەکات) جودی، کارت دەست کەوت؟ زۆر زۆر چاکە.

**جودی:** ئەچم کار لە دوکانی گوڵفرۆشی ویڵسن دەکەم.

**مس ستێرن:** من شتێکی هەڵە نابینم لەمەدا ڕۆبەرتە. گوڵفرۆشتن خۆشە.

**جودی:** دایە. من گوڵ نافرۆشم لە دوکانەکە. بەڵکو من دەبم بە سایەقی لۆری و دلیڤەری گوڵ دەکەم.

**مس ستێرن:** چی؟ جودی مەبەستت ئەمەیە. ئەمە ئیشی کچان نییە ئەمە ئیشی پیاوانە.

**جودی:** نەک ئەمڕۆ دایکە، دونیا گۆڕاوە. ئەمە کارێکی باشە و حەقدەستەکەشی زۆر باشە.

**مس ستێرن:** جودی، ئەمە بەلای منەوە دروست نییە (مس ستێرن بانگی باوکی جودی دەکات کەلە ژوورەکەی ترە) هێنری!دەقەیەک وەرە ئێرە. قسە بۆ کچەکەت بکە ئەو نایەوێت گوێم لێ بگرێت.

**مستەر ستێرن (هێنری):** (دێتە ژوورەوە) چی ڕووی داوە؟

**مس ستێرن:** جودی نییە ئەمڕۆ ئیشی دەست کەوتووە. سایەقی لۆری لە دوکانەکەی گوڵفرۆشی ویڵسن!

**مستەر ستێرن (هێنری):** لۆری لێخورین؟ دەبێت گاڵتە بکەیت. ئەم ئیشە بۆ ژن نابێت.





**ڕۆی:** دونیا گۆڕاوە باوکە. ژنان ئەمڕۆ هەموو جۆرە کارێک ئەکەن.

**مستەر ستێرن (هێنری):** تۆ حەقت بە مەسەلەیەوە نەبێت ڕۆی. من لێ ناگەڕێم کچەکەم سایەقی لۆری بکات و بڕایەوە.

**مس ستێرن:** من چی بە هاوڕێکانم بڵێم؟

**ڕۆبەرتە:** دایە و بابە ڕاست ئەکەن جودی. باشە بۆ دەتەوێت لۆری لێ بخوریت؟

**جودی:** حەزم لە سایەقییە. من سایەقێکی باشم و حەزم لە کاری ژوورەوە نییە. من ئەزانم چی دەکەم.

**مستەر ستێرن (هێنری):** من ڕێت پێ نادەم ئەم کارە بکەیت.

**جودی:** تۆ ناتوانیت ڕێم پێ بگریت بابە. من هێند گەورەم بتوانم ڕێگای خۆم هەڵبژێرم. { لەو کاتەدا زەنگی دەرگا لێدرا. مستەر ستێرن (هێنری) دەرگاکەی کردەوە. کوڕێکی گەنج لەبەردەرگا ڕاوەستابوو. چاکەتێکی لەبەردابوو ناوو شوێنی کارکردنەکەی پێوە دیار بوو. نوسرابوو (چوک – دوکانی گوڵفرۆشی ویڵسن)

**چوک:** سڵاو. جودی لەماڵە؟ مستەر ویڵسن پێی وتم کە بێم و جودی هەڵبگرم.

**جودی:** سڵاو چوک. من ئێستا دێم.

**مستەر ستێرن (هێنری):** جودی، من جارێک پێم وتی و دووبارەی ئەکەمەوە. تۆ ئەم ئیشە ناکەیت.

**چوک:** (تەماشای جودی دەکات و پاشان تەماشای باوکی جودی دەکات و دواتر دیسانەوە ڕوو لە جودی دەکاتەوە) نازانم دێیت یان نا؟

*وای دابنێ تۆ جودیت چی دەکەیت؟ لەو بڕوایەدای دایک و باوکی جودی شانسی دروست دەدەن بە کچەکەیان؟ ئایا هیچ شتێکت بەبیردا دێت کە جودی بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕای بگۆڕێت؟ بۆچی پێت وایە ڕۆی دڵشاد بوو بە کارەکەی جودی؟ بۆچی ڕۆبەرتە حەزی بە کارەکەی جودی نەدەکرد؟*

تێبینی وەرگێڕ:

یەک/ لە بری وشەی (Driver) وشەی سایەقم داناوە چونکە لە (شوفێر) پێم باشتر بوو.

دوو/ وشەی دلیڤەری(Delivery) کەمانای بردنی شتەمەک، خواردن یان هەر شتێکی تر دەگرێتەوە لە کۆمپانیاوە بۆ دوکان و ماڵان. لە زمانی کوردیدا وشەیەکی هاومانای دلیڤەریم چنگ نەکەوت.



## شانۆگەری پێنجەم:

قەرز

نوسینی: تۆم مێلەرس

**دیمەن:**

گۆڕەپانی تۆپی پێ. فلۆید لەگەڵ هاوڕێکەی لێنی لەلایەکەوە دانیشتوون. فلۆید دڵتەنگ دیارە.

**فلۆید:** دەبوایە ئێستا بگەیشتایە. ئالی دەبوایە لێرە بوایە.

**لێنی:** دەلەبیر خۆتی بەرەوە، فلۆید.

**فلۆید:** بەڵام ئەو ٢٠ دۆلارم پێ قەرزارە. پێی وتم کە ئەمڕۆ بۆمی دەهێنێتەوە.

**لێنی:** پێشتر پێم وتی ئالی هەرگیز قەرزی کەس ناداتەوە.

**فلۆید:** ئەزانم. تۆ وا ئەزانی من شێت بووم ئەو کارەم کرد.

**لێنی:** بەدلنیاییەوە، ئەوەی کردت شێتی بوو. بۆ گوێت لێم نەگرت؟

**فلۆید:** ئۆه.. نازانم. ئالی هاوڕێیەکی زۆر باشە و زۆرخۆشە گاڵتەی لەگەڵدا بکەی.

**لێنی:** ئەمە بیانوو نییە تا قەرزی بدەیتێ. (وەختێک سەرقاڵی قسەکردن بوون کوڕێک دێت بالابەرز و بەهێز بەشێوەیەک هەڵسوکەوت دەکات کە لەموشکیلە بگەڕێت).

**کوڕەکە:** (بەدەنگی بەرز) ئەمەوێت فلۆید گرین ببینم. ئەمەوێت کەللەی بپەڕێنم.

**فلۆید:** (دەچرپێنێت) ئەمە زلترین کوڕە تا ئێستا بینیبێتم. بۆچی هاتووە لێم بدات؟

**لێنی:** لەو بڕوایەدام ئالی ناردبێتی. ئەیەوێت ئەوەت پیشان بدات چی ڕوو دەدات کەئەگەر داوای پارەکەت بکەیتەوە.

**فلۆید:** نازانم چی بکەم؟ زۆر گەورەیە. لەتەمەنی مندا نییە.

**لێنی:** گوێی مەدەرێ. بۆ منی دابنێ. من عیلاجی ئەکەم. (بەدەنگی بەرز) هێی تۆ!ئەتەوێت فلۆید گرین ببینیت؟

**کوڕەکە:** بەڵێ وام وت.

**لێنی:** زۆر باشە، تۆ لەو ئەگەڕێیت؟

**کوڕەکە:** وەرە دەرەوە. نامەوێت گۆڕەپانی تۆپی پێ پیس بکەم. (بەرەو دەروازەی گۆڕەپانەکە بەڕێکەوتن. کەسانی تریش کەوتنە شوێنیان. لێنی بەدەست ئیشارەی بۆ کردن).

**لێنی:** زۆر باشە. نیگەرانی من مەبە. نیگەرانی ئەمە بە. (دەچنە دەرەوە و بە زوویی دەگەڕێنەوە. لێنی پێدەکەنێت).

**لێنی:** من عیلاجی ئەوەت بۆ دەکەم. من باشی بۆ چووم ئایل ناردوویەتی.

**فلۆید:** زۆر سوپاس.

**لێنی:** بەدڵنیاییەوە. من هەمیشە خۆشحاڵم کە یارمەتی هاوڕێ بدەم.

**فلۆید:** باشە، من ئێستا ئەڕۆم. بێمانایە چاوەڕوانی پارەکەم بکەم.

**لێنی:** زۆریش. (فلۆید ئەڕوات).



**دیمەن:** گۆشەیەکی شەقامێکە. ئالی وەستاوە و پێدەکەنێت. فلۆید و لێنی ئەیبینن.

**فلۆید:** چاکەتەکەت دابکەنە ئالی. نامەوێت لەبەرتا پارچە پارچەی بکەم.

**ئالی:** ئەوە چیتە؟ حەزت بە ئامۆزاکەم نەکرد؟

**فلۆید:** ئەو کوڕە زەبەلاحە ئامۆزات بوو؟

**ئالی:** بەڵێ.

**فلۆید:** پێی وتم کەللەت ئەپەڕێنم.

**ئالی:** بەڵێ ئەزانم. ئێمە تەنها گاڵتەمان کرد لەگەڵتا. ئەو وای وت و زوو پارەکەی دایتەوە. ئەوە تەنها گاڵتە بوو.

**فلۆید:** (ڕوو لە لێنی دەکات) چیە لێنی؟ ئایا ئەو کوڕە پارەی داپێت؟

**لێنی:** یەک سێنتی نەداوەپێم.

**ئالی:** فلۆید، ئامۆزاکەم وتی پارەکەی پێداوی. ئەزانم ئەو هەرگیز درۆ ناکات.

**فلۆید:** (تەماشای هەردوو هاوڕێکەی دەکات) کەواتە یەکێک لە ئێوە درۆزنە.

*ئەگەر تۆ فلۆید بیت چی دەکەیت؟ ئایا بڕوا بە ئالی دەکەیت یان لێنی؟ دەتوانی بیر بکەیتەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان بزانیت پارەکە لای کێیە؟ ئایا قەت پارەت بەقەرز داوەتە هاوڕێت؟ ئایا هاوڕێکەت پارەکەی بۆت گەڕاندووتەوە؟ ئایا ئەوە بیرۆکەیەکی باشە کە پارە بەقەرز نەدەیتە هاوڕێ؟*

# شانۆگەری شەشەم:

ئەی من

نوسینی: ڕیکی سۆلینگەر

**دیمەن:**

ڤیکی جێفرسۆن تازە لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە ماڵ. لەپەنجەرەی چێشتخانەکەیانەوە دەڕوانێتە دەرەوە. دایکیشی خەریکی جل ئوتوکردنە.

**مس جیفرسۆن:** (تەماشایەکی سەعاتەکەی سەر دیوارەکە دەکات) ڤیکی، چی دەڵێی هەندێک مریشک لێ بنێین بۆ ئێوارە؟ ئەتوانیت بڕۆیتە دوکانەکەی خوارێ و مریشکێکی چاکم بۆ بکڕیت؟

**ڤیکی:** بەڵێ باشە دایکە. بەڵام یەکەمجار گوێ لەمە بگرە. لەبیرتە پێم وتی دەربارەی هەڵبژاردنم لە یاری کردنی قوتابخانە. ئەمڕۆ مس داوسۆن وتی دەتوانم یاری بکەم ئەگەر تۆ تێبینی نامەیەکم بدەیتێ و ڕازی بیت بە چوونم بۆ مەشق کردن.

**مس جێفرسۆن:** موشکیلە نیە، ڤیکی. بەڵام کەی مەشق کردن دەست پێدەکات؟ خۆت دەزانی یاساکانی یارمەتیدانی من چۆنە؟

**ڤیکی:** لە ڕۆژانی دووشەممە و سێشەممە و پێنجشەممە پاش



قوتابخانە تا سەعات شەش. ئەتوانم شەش و چارەک بگەمەوە ماڵ.

**مس جێفرسۆن:** ئۆه.. ئەمە هیچ باش نییە بۆ من. بیری لێ دەکەمەوە، ڤیکی. بەڵام لەسەرمی حیساب مەکە. ئێستا خێرا بڕۆ خوارەوە بۆ دوکانەکە تا دانەخراوە.

(ڤیکی بەهێواشی بە ژوورەکەدا دەڕوات و لەدەرگاکەوە دەچێتە دەرەوە و بەتوندی دەرگاکە بەدوای خۆیدا دادەخات. مس جێفرسۆن سەر هەڵدەبڕێت و سەری بادەدات و دەچێتەوە سەر ئوتوکردنەکە. چەند خولەکێک دواتر بیڵ جێفرسۆن دێتە ژوورەوە)

**بیڵ:** سڵاو دایکە. چۆنی. هاتمەوە تا جلەکانم بگۆڕم.

**مس جێفرسۆن:** سڵاو بیڵی. دەقەیەک لەسەرەخۆ بە.

**بیڵ:** من زۆر پەلەمە دایە، دەبێت ئەو کوڕانە ببینم لە خوارەوە.

**مس جێفرسۆن:** کەواتە بۆ نانی ئێوارە لەماڵ نابیت؟

**بیڵ:** نەخێر. درەنگ دێمەوە. نیگەران مەبە. کلیل و شتی خۆم پێیە.

**مس جێفرسۆن:** باشە، زۆر دوا نەکەویت. سبەینێ قوتابخانەت هەیە.

**بیڵ:** بەدڵنیاییەوە دایکە. ئەرێ بیرم کەوتەوە. ئێستا ڤیکیم بینی لە خوارەوە دەموچاوی تەواو نەبوو.

**مس جێفرسۆن:** ئۆه ئەیەوێت ڕێگای بدەم تا لەچەند یارییەکی قوتابخانە بەشدار بێت.

**بیڵ:** (پێویستە لەسەریان ترسێکی ڕاستەقینەی بدەنێ) ئێستا ترساندمی. من دەبێت بڕۆم دایە. بەنیازی دیدار.

(بیڵی دەچێتە دەرەوە. مس جێفرسۆن لە ئوتوکردن بەردەوام دەبێت. پاش چەند خولەکێک ڤیکی دێتەوە. مریشکەکە لەسەر مێزی چێشتخانەکە دادەنێت و ئاسودە دیار نییە)

**مس جێفرسۆن:** ڤیکی، بیڵ ئێستا لێرە بوو. وتی بینیم..............

**ڤیکی:** ئەزانم بینیمی. منیش ئەوم بینی. گرنگ نییە بەلامەوە چی وت. بۆ کوێ چوو؟

**مس جێفرسۆن:** وابزانم لەگەڵ ڕیک و تۆنی چونە دەرەوە.

**ڤیکی:** من گرەوت لەگەڵ دەکەم چوون بۆ پارک. منیش تەنانەت ناتوانم بەشداری یاری قوتابخانە بکەم.

**مس جێفرسۆن:** یاریکردنی تۆ هیچ پەیوەندی بە بیڵەوە نیە. ئێستا ئەم نارەحەتیە لەدەموچاوت لابدە و خواردنی ئێوارەمان بۆ دروست بکە. باوکت نەختێکی تر دێتەوە.

**ڤیکی:** من چیم؟ خزمەتکارم لەم ماڵە؟ لەدوای قوتابخانەوە یەکسەر دەبێت بێمەوە ماڵێ. یەک دەقیقەم نییە بۆ خودی خۆم. "ئەمە بدوورە، برۆ ئەوە بکڕە، ئەمە لێ بنێ، ئەوە بکە" ئەمانە شێتیان کردووم. مس داوسۆن پێی وتم من جوان یاری دەکەم. دەبێ ئێستا پێی بڵێم من زۆر سەرقاڵم بە خواردن دروست کردنەوە.

**می جێفرسۆن:** ئەزانم ئەتەوێت بەشداری یاری بکەی. بەڵام من دەبێت هەموو ڕۆژەکە خەریکی ئیشکردن بم. پێویستیم بەهەندێک یارمەتیە کاتێک ئەگەمە ماڵەوە.

**ڤیکی:** ئەزانم. بەڵام من تەنها تاکە کەس نیم لەم ماڵە یارمەتیت بدەم

**مس جێفرسۆن:** باشە، کێی تر هەیە لەم ماڵە تا یارمەتیم بدات؟



ئەتەوێت کەسێک لەسەر جادەکەوە بهێنم تا خواردنمان بۆ دروست بکات.

**ڤیکی:** بۆچی بیڵی لەسەر جادەوە ناهێنیتەوە و تا کارێک بکات.

**مس جێفرسۆن:** بەڵام بیڵی تەنانەت ئەمشەو نانیش ناخوات لەماڵەوە.

**ڤیکی:** ئەوە با وابێت. بیڵ دەتوانێت هەرشتێکی بیەوێت بیکات. ئەتوانێت هەر کاتێک بیەوێت بڕوا و بێت. ئەمە زۆر ناڕەوایە. ئەی من؟

*ئەگەر لە جێگەی ڤیکی بیت چی دەکەیت؟ ئایا لەو بڕوایەدای مس جێفرسۆن بگۆڕێت دادوەرتر بێت؟ بۆ لەو بڕوایەدای بیڵ دەتوانێت بەئارەزووی خۆی هەر کاتێک بیەوێت بێت و بڕوات؟ دەتوانیت بیر لە ڕێگایەک بکەیتەوە یان چەند ڕێگایەک کە ڤیکی بتوانێت وا لەبیڵ بکات ئەویش یارمەتی دایکی بدات؟ پێت وایە پێویستە ڤیکی سەبارەت بەم گیروگرفتە قسە لەگەڵ باوکیدا بکات؟*

## شانۆگەری حەوتەم:

### خەڵات

نووسینی: ڕیکی سۆڵینگەر

**دیمەن:**

دوا ڕۆژی قوتابخانەیە. هەموو بە پێوەن ماڵئاوایی لەیەکتر دەکەن. مستەر بەیکەری مامۆستا بانگی قوتابییەکان دەکات بۆ لای مێزەکەی بۆ وەرگرتنی کارت(ئەنجامی تاقیکردنەوەکان). دۆنە و ماریا و دەیڤد و ئەلیزابێس و جوان پێکەوە دانیشتوون و خەریکی قسەکردنن.

**ماریا:** ئۆه دەیڤد. من دڵنیام خەڵاتەکە بەر تۆ دەکەوێت. چیرۆکەکەت زۆر زۆر باش بوو. ئەتوانم بڵێم مس دۆنەریش هەر وا بیر دەکاتەوە. بۆیە نیگەران مەبە.....

**دۆنە:**....... هەروەها دەستی بەبیرکردنەوە کرد دەربارەی خەرجکردنی پارەکە.

**ئەلیزابێس:** چی دەڵێی ئەگەر پارەکە بۆ من سەرف بکەی دەیڤد؟ ئەمشەو پێکەوە دەتوانین بچینە دەرەوە.

**جوان:** (پێدەکەنێت) دەقەیەک ڕاوەستن،دەیڤد دوو دۆلارم پێ قەرزارە. ئەگەر ئەو خەڵاتەکە بباتەوە دەبێت پارەکەم بداتەوە و بێجگە



لەوەش من بیرۆکەیەکی باشترم هەیە لەوەی باقی پارەکە هەروا خەسار بکەین. من و دەیڤد ئەتوانین ڕۆژی شەممە پێکەوە بچین بۆ تەماشا کردنی یاری و باشترین دوو کورسی ڕیزی پێشەوە بگرین. وانییە دەیڤد؟

**دەیڤد:** ئێ بابزانم. جارێ نازانم. تەماشا من تا ئێستا هیچم نەبردۆتەوە، ئەوەتان لەبیر بێت.

**مستەر بەیکەر:** (لەسەر مێزەکەیەوە بانگ ئەکات) دەیڤد ڕۆدریگۆز. (دەیڤد دەڕوات بەرەو مێزەکەی مستەر بەیکەر. کارتەکەی وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ لای هاوڕێکانی. هەموو هەوڵ دەدەن تەماشای کارتەکەی بکەن.)

**دۆنە:** ئەیبینیت. لە زمانی ئینگلیزیدا ٩٥ ی هێناوە. زۆر باشە ئەمە یانی مسۆگەرکردنی خەڵاتەکە. تۆ ئەزانیت مس دۆنەر ٩٥ نادات بەکەس ئەگەر براوە نەبێت.

**جوان:** (پێدەکەنێت) لەوانەیە لەو بڕوایەدا بووبێت کە ٩٥ ی ئینگلیزی پێ باشترە لە ٢٥ دۆلار. لەمەوە تێدەگەم کە بۆچی ٧٥ ی داوە بە من چونکە دەزانێت من زۆر بایەخ بە پارە دەدەم.

**ئەلیزابێس:** باشە جوان خۆت سەغڵەت مەکە. ئەو چیرۆکەی کە تۆ نووسیوتە خەڵاتی پۆلی یەکەمی سەرەتاییش ناباتەوە. (هەموو دەست دەکەنە پێکەنین،، جوان لەهەمویان قایمتر پێدەکەنێت. لەو کاتەدا مس دۆنە دێتە ژوورەوە و ڕوو لە قوتابیەکان دەکات و زەردەخەنەیەک دەکات)

**ماریا:** (ئەچرپێنێت) بزانە دەیڤد ئەوە تەماشای تۆ دەکات.

**مس دۆنەر:** زۆر باشە تکایە بێدەنگ بن. (دەقەیەک دەوەستێت)

سوپاس. من بۆیە لێرەم تا خەڵاتی باشترین چیرۆکی ئەمساڵ ببەخشم بە دەیڤد ڕۆدریگۆز. (تەماشایەکی دەیڤد دەکات و زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات). دەیڤد ئەمساڵ ژمارەیەک چیرۆکی باش نووسی. بەڵام چیرۆکی براوەی (دووایین دوو خۆزگە)یە. دەیڤد خەڵاتەکە پارەیە و پۆست کراوە بۆ ماڵەوەتان و سبەینێ دەگاتە دەستت.

**دەیڤد:** سوپاس. (هەموو چەپڵە لێدەدەن)

**دیمەن:** خانەوادەی ڕۆدریگۆز لەدەوری مێزی نانخواردنن.

**دەیڤد:** لەبەرخۆیەوە هەر پێدەکەنێت.

**مس ڕۆدریگۆز:** ئەوە چی ڕووی داوە و بیر لە چی دەکەیتەوە دەیڤد؟

**ئەنجێلا:** کچی هاوڕێی نوێت گرتووە؟

**سوزان:** وایە دەیڤد؟ ئایا کچێکی جوانە؟

**مس ڕۆدریگۆز:** لەوانەیە خۆشحاڵ بێت بەوەی کە قوتابخانە تەواو بوو. کەسێک بیر لەمە ناکاتەوە؟

**دەیڤد:** باش، من سبەینێ شتێکم پێ دەگات و هەروەها من.........

**ئەنجێلا:** (پێدەکەنێت) دەبێت نامەی خۆشەویستی بێت.

**دەیڤد:** ئەرێ بێدەنگ نابیت. نامەی خۆشەویستی نییە. خەڵاتی پارەیە و لە قوتابخانە پێم دراوە سەبارەت بەو چیرۆکەی کە نووسیومە. (دەیڤد لەسەر کورسییەکەی دادەنیشێتەوە. نیگەران دیارە و هیچ پیلانێکی نییە تا بە خانەوادەکەی بڵێت)

**مس ڕۆدریگۆز:** دەیڤد ئەمە زۆر باشە خەڵاتەکە چەندە؟

**دەیڤد:** نازانم دایکە.



**مس ڕۆدریگۆز:** ئێ؟

**دەیڤد:** ٢٥ دۆلارە. من دڵنیام زۆر شتتان لەمێشکدایە بۆ سەرف کردنی. منیش هەندێ شتم لە مێشکدایە.

**مستەر ڕۆدریگۆز:** باشە کوڕم من ئەزانم گەورەترین مەسرەف خێزانەکەتە. ئەزانم دایکت وا ناڵێت، بەڵام تۆ خۆت پارەکەی دەدەیتێ بۆ پێداویستیەکانی ماڵ.

**دەیڤد:** بەڵام، بابە، من ئەو پارەیەم پێویستە. پارەی خۆمەو ئەمەوێت هەندێک جلی تازەی پێ بکڕم.

**مس ڕۆدریگۆز:** تەماشا بکە دەیڤد، باوکت ڕاست ئەکات. تۆ ئەتوانیت بێ جلی تازە هەڵبکەیت، بەڵام پارەی وەسڵەکان دەبێت بدرێن.

**دەیڤد:** بەڵام ئەمە ڕەوا نییە. من دەبوایە هەرگیز پێم نەوتنایە. مس دۆنەر وتی بەو پارەیە کاتێکی خۆش بەسەر بەرە.

**مستەر ڕۆدریگۆز:** ئێ کورە گەورەکەم، مس دۆنەر ئەندامی ئەم خێزانە نییە و پێمانیش ناڵێت چۆن ئەو پارەیە خەرج بکەین.

**دەیڤد:** بەڵام ئەوە پارەی ئێمە نییە. ئەوە پارەی منە.

**مس ڕۆدریگۆز:** ئەزانم ئەوە وایە بەڵام کە خانەوادە پێویستی کرد وەسڵ بدات دەبێت هەموو یارمەتی بدەین.

**دەیڤد:** بەڵام دایکە ئەنجێلا لەپارەی ئیشەکەی پارە بۆ خۆی گل دەداتەوە و چی پێخۆش بێت ئەیکڕێت.

**مستەر ڕۆدریگۆز:** ئەنجێلا لە پارە دانی وەسڵەکان یارمەتیمان دەدات.

**دەیڤد:** بەڵام من ئێستاش هەر قوتابیم. ئەتەوێت واز لە قوتابخانە بهێنم و ئیش بکەم؟

**مس ڕۆدریگۆز:** ئەوەندە بەسە با زیاتر لەسەری نەڕۆین. تۆ دڵنیابە لەوەی سبەینێ پارەکەم دەدەیتێ.

**دەیڤد:** (هەڵدەستێ و مێزەکە بەجێ دەهێڵێت) بزانن یەک شتتان پێ دەڵێم. من زۆر پەشیمانم کە ئەو چیرۆکەم نووسی بەڵام دڵنیا بن هیچی تر نانووسم.

*تۆ دەڵێی چی خەڵاتەکەی دەیڤد هی دەیڤدە یان خانەوادەکەی؟ ئایا دایک و باوکی دەیڤد ڕاستن یان نا؟ ئایا خانەوادەکەی دەیڤد بەڕاستی پێویستیان بەو پارەیە هەیە یان نا؟ ئایا پارەی ئیشکردن جیاوازی هەیە لەگەڵ پارەی خەڵات؟ ئایا دەیڤد بەڕاستی پەشیمانە لەو چیرۆکەی کە نووسی؟ چی وت بۆ ئەو پەشیمانییە؟*



## شانۆگەری هەشتەم:

خاڵ

شانۆگەرییەکە لە دوو پەردەدا

نووسینی: ف. ل. بێرنستەین

**ئەکتەرەکان:**

جەیمس

مایکڵ

ئاندی

(ئەم سیانە قوتابین و یاریزانی باسکێت بۆڵن لە ئامادەیی جێڤەرسۆن.)

مستەر کارەی مامۆستایە لە ئامادەیی جێڤەرسۆن

قوتابی یەکەم

قوتابی دووەم

پەردەی یەکەم

**دیمەن:**

دەرەوەی قوتابخانەی ئامادەیی جێڤەرسۆنە. ڕۆژی یاری کۆتایی باسکێت بۆڵی جێڤەرسۆن و ڕوسەڤێڵتە. جەیمس و مایکڵ و ئاندی خەریکی مشتومڕن.

**جەیمس:** تۆ گوێ بگرە، کوڕی باش، من بەشدار نیم تیایدا. من ناچمە نێو ئەو یارییەوە.

**مایکڵ:** (بە تووڕەییەوە) تۆ گوێ بگرە، جەیمس. تۆ بەشداری جا پێت خۆش بێت یان نا!

**ئاندی:** مایکڵ ڕاست ئەکات، جەیمس. ناتوانین بەبێ تۆ ئەم یارییە ببەینەوە.

**جەیمس:** من ناتوانم هیچ بکەم. ئەمشەو بەتایبەت ناتوانم بەشدار بم.

**مایکڵ:** تێ ناگەم، جەیمس. تۆ ئەزانیت ئەمشەو یاریەکە ئامادەکراوە، تازە زۆر درەنگە پاشەکشە بکەین.

**ئاندی:** بەڵێ جەیمس،تۆ دەبوایە دوو هەفتە بەر لە ئێستا بیرت لێ بکردایەتەوە. ئێستا کەسی ترمان بۆ پەیدا نابێت.

**جەیمس:** من تەنها ئەمشەو پێم خۆش نییە. ڕوزەفەڵت باش نین. ئێمە دەبێت کارێک بکەین بۆ ئەوەی ئەم یارییە بدۆڕێنین. جا ئەگەر ئێمە هیچ خاڵ تۆمار نەکەین، خەڵک سەرنجیان دەکەوێتە سەرمان.

**ئاندی:** هەموو کەسێک شەوێکی خراپی هەیە، جەیمس.

**مایکڵ:** (بۆ ئاندی تەواو دەکات).... و ئەمشەویش ئێمە خراپ دەبین.

**جەیمس:** من ئێستاش دەڵێم ئێمە هەست پێ دەکرێن، خەڵکێکی زۆر تەماشامان دەکەن بۆ ئەوەی بەسەر تیپی ڕۆزەڤەڵت دا زاڵ بین. ئەگەر ئەم سێ کەسەمان بەدۆڕاندنیان بدەین.

**ئاندی:** جەیمس تۆ بیر لە پارە بکەرەوە.

**مایکڵ:** یان بیر لەوە بکەرەوە کە چیمان بەسەر دێت ئەمشەو ئەگەر ئەم یارییە نەدۆڕێنین. بیر لەوە بکەرەوە جەیمس.





**جەیمس:** (ڕوو لە مایکڵ دەکات) ئەشێ تۆ باش بیرت کردبێتەوە چی ڕوودەدات ئەگەر ئێمە ئەم یارییە بدۆڕێنین.

**مایکڵ:** مەبەستت چیە؟

**جەیمس:** مەبەستم ئەوەیەلەسەر ئەمە زیندانی ئەکرێین.

**مایکڵ:** (تەماشای دوور ئەکات) ئۆو کوڕی باش___

**ئاندی:** جەیمس، ئەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم تازە زۆر درەنگە بۆ پەشیمان بوونەوە!

**جەیمس:** (ڕوو لە ئاندی دەکات) منیش ئەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم کە هیچ درەنگ نییە.

**مایکڵ:** بەڵێ، زۆر درەنگە. ئەمە ئەوەیە کە زۆر بە وردی پێمان وتی. کەسی پاشگەزەوە بوو هیچ پارەیەکی نادرێتێ.

**جەیمس:** یانی چی دەکات مایکڵ؟ ئەمانکوژێت؟

**مایکڵ:** نا نامانکوژێت. ئێمە دەبێت..... بشکێنین.

**ئاندی:** (نیگەرانە) لەوانەیە ئێمە باش لەمە حاڵی نەبوبێتین جەیمس.

{مستەر کارەی دێتە ژوورەوە سەرسامیان دەکات}

**مستەر کارەی:** کوڕینە ئەوە چیە؟ خەریکی داننانی نەخشەن بۆ یارییەکە؟ باوەڕ ناکەم ئێوە ئەو سیانە نیگەران بن سەبارەت بە تیپی ڕۆزەڤەڵت.

**مایکڵ:** (بە هێمنییەوە) تۆ نازانی. لەوانەیە ئەم یارییە ببەنەوە.

مستەر کارەی: (پێدەکەنێت) زۆریان ماوە بچنە پێشێ تا بەسەر ئەم سێ کەسەدا زاڵ بن (بەرەو دەرەوە دەڕوات) شوێنێکتان ناوێت بتانگەیەنم؟

**ئاندی:** (بەپەلە) نەخێر زۆر ئاساییە مستەر کاری. باسی هەندێک شت ئەکەین بۆخۆمان.

**مستەر کاری:** ڕاستە. زۆر باشە. بەهیوای بەختێکی چاک بۆ ئەمشەو.

**جەیمس:** (لە دوا چرکەدا) من بگەیەنە. مستەر کاری.

**مستەر کاری:** (نیوە سەرسام ئەبێت) زۆر باشە دە با بڕۆین جەیمس.

{کاتێک جەیمس لەگەڵ مستەر کارەی دەچوونە دەرەوە، مایکڵ هەوڵی دەدا چاو ببڕێتە چاوی، بەڵام جەیمس ئاوڕی دواوەی نەدایەوە}

**مایکڵ:** (پێش ئەوەی جەیمس بچێتە دەرەوە) خۆت ئامادە بکە بۆ ئەمشەو جەیمس.

## پەردەی دووەم

**دیمەن:**

هۆڵی قوتابخانەی ئامادەیی جێفرسۆنە، هەر دوای زاڵبوونی جێفرسۆن بەسەر ڕوسەڤەڵت مایکڵ و جەیمس و ئاندی پێکەوەن و نیگەرانن و مشتومڕیانە.

**مایکڵ:** (بەتوڕەییەوە) ئێستا تۆ کاری خۆت کرد جەیمس.

**جەیمس:** (نیگەرانە بەڵام سەبارەت بە سوور نەبوون لەسەر بڕیارەکە) ئەمەم کرد کە دەبوو بیکەم. تۆش ئەمە باش دەزانیت.

**مایکڵ:** دەبوایە بیکەی؟ تەنها شتێک دەبوایە بتکردایە ئەوە بوو خاڵت تۆمار نەکردایە.

**جەیمس:** گەر وەکو ئێوەم بکردایە و خاڵم تۆمار نەکردایە، یارییەکەیان ڕادەگرت بۆ ئەوەی بزانن بۆ وادەکەین.



**مایکڵ:** بەڵێ ئەمە بە تورنەر بڵێ کاتێک...

**ئاندی:** (قسەکەی پێ دەبڕێت) لەسەرخۆ بە!!!

{جەیمس و مایکڵ سەریان هەڵبڕی کاتێک چەند قوتابییەک بەتەنیشتیاندا تێپەڕین}

**قوتابی یەکەم:** یارییەکی جوان بوو جەیمس.

**قوتابی دووەم:** بەڵێ یارییەکی جوان بوو.

{جەیمس سەری بەڵێی لەقاند. مایکڵ و ئاندیش سەیری شوێنێکی تریان دەکرد}

**مایکڵ:** یارییەکی جوان، زۆر باشە. جوان بەسە تا ئێمە لە باشە دوور بخاتەوە.

**ئاندی:** (بە ترس و لەرزەوە) بێدەنگ بە مایکڵ پێویستە ئێستا کارێک بکەین!

**جەیمس:** (ئەویش دەترسێت بەڵام کەمتر لە ئاندی) پێویستە ئەم مەسەلەیە بەلایەکدا بخەین. پێویستە کارێک بکەین بپارێزرێین.

**مایکڵ:** ئەوە تۆ شێت بووی جەیمس؟ کێ ئەم کێشەیەبەلایەکدا دەخات؟

**جەیمس:** مستەر کارەی، یان پۆلیس.

**مایکڵ:** پۆلیس! کوڕی باش پۆلیس دواین کەس دەبێت کە ئاگاداریان بکەینەوە.

**جەیمس:** ئاندی تۆ دەڵێیت چی؟

**ئاندی:** نازانم جەیمس. پۆلیس؟ ئەمجارە بەڕاستی ئێمە لە گیروگرفتداین.

**مایکڵ:** ئێمە بە پۆلیس بڵێین و قوتابخانە و خانەوادەکانمان لەبیر بکەین. بیر لە شتی وا مەکەنەوە.

**جەیمس:** کەواتە با بە مستەر کارەی بڵێین.

**مایکڵ:** هەردوو بارەکە وەکویەکەجەیمس. کەسێکمان دەبێت بە..........

**ئاندی:** (دەکەوێتە پاڵ جەیمس) بەڵام مایکڵ دەبێت شتێک بکەین.

**مستەر کارەی:** دێتە ژوورەوە و سەرسام دەبێت کە کوڕەکان دەبینێت) ئەوە هەموو لێرەن؟ ئێستا تەلەفونێکم بۆ کرا بۆ ئێوە بوو، بەڵام وام زانی ڕۆیشتوون. (مایکڵ و جەیمس و ئاندی تەماشای یەکتریان کرد و ترسان)

**ئاندی:** (بە پەلە پەل) کێ بوو تەلەفۆنی کرد؟

**مستەر کارەی:** نەیوت کێیە ئاندی. بەڵام وتی بەدڵنیاییەوە دوواتر دەیانبینم. (دەوەستێت و ڕوو لە ئاندی دەکات) بۆچی ئایا شتێک ڕووی داوە؟ (ڕوو لە مایکڵ دەکات) مایکڵ؟ (ڕوو لە جەیمس) ئەوە چی ڕووی داوە جەیمس؟

*لەو بڕوایەدای کوڕەکان ئێستا چی دەکەن؟ ئەگەر تۆ لەجێگای جەیمس بویتایە هەمان کارت دەکرد کە جەیمس کردی؟ یان گەمەکەت دەدۆڕاند؟ بۆچی؟ ئایا مستەر کارەی یارمەتی کوڕەکان دەدات؟ ئایا لەو بڕوایەدای پۆلیس بتوانێت کۆمەکی کوڕەکان بکات؟ ئایا کوڕەکان ئەم مەسەلەیە بە دایک و باوکیان دەڵێن؟*



## شانۆگەری نۆیەم:

### چاکترین هاوڕێ

نووسینی: ڕیکی سۆلینگەر

**دیمەن:**

دێبی و لیندا لە کافیتریای قوتابخانە دانیشتوون خەریکی نانخواردنن. ئەم دووانە هەموو ساڵەکە باشترین هاوڕێی یەکتر بوون.

**دێبی:** (پێدەکەنێت) پاشان وتی پێویستە پرس بە دایکت بکەیت کە ئایا ئەتوانی شەوی شەممە بچیە دەرێ؟

**لیندا:** چاکە، ئایا پرس بە دایکت دەکەیت؟

**دێبی:** بەڵێ، بەڵام دایکم دەڵێت نەخێر. ئەو هەمیشە هەر بەنەخێر وەڵام دەداتەوە.

**لیندا:** ئەی ئەگەر ئێد زویر بوو؟

**دێبی:** هیوادارم زویر نەبێت. من زۆر زۆرم خۆش دەوێت لەو ڕۆژەوەی هاتۆتە قوتابخانەکەمان.

**لیندا:** وریا بە دێبی. پێویستە تۆزێک لەسەرخۆ بیت. تۆ تەنها دوو هەفتەیە ئەیناسیت.

**دێبی:** ئۆه.. لیندا. تۆش هەروەکو دایکم قسان دەکەیت. ئەویش

هەمیشە پێم دەڵێت لەسەرخۆ بە. لەوانەیە تۆ و دایکم بتانزانیایە دڵداری چۆنەئاوا ئامۆژگاریتان نەدەکردم.

**لیندا:** (پێدەچێت قسەکەی دێبی بریندار کردبێت) باشە. تۆ ئەگەر ئەم شتانە دەزانیت، ئەوا پێویست ناکات دەربارەیان بدوێین.

**دێبی:** ئەوە چیە لیندا من گاڵتەم کرد لەگەڵتا. من تەنها ئەو کوڕەم زۆر خۆش ئەوێت.

**لیندا:** (دەچرپێنێت) ئەها بزانە کێ بەرەو ئێرە دێت.

**دێبی:** (پێدەکەنێت) سڵاو ئێد. ئەتەوێت دابنیشیت؟

**ئێد:** بەڵێ. (دادەنیشێت) چۆنن و ئەحواڵتان چۆنە؟

**لیندا:** وا بزانم خراپ نین.

**دێبی:** منیش باشم.

**ئێد:** چاکە، من تۆزێک ماندووم. زۆری نەمابوو لە پۆلدا خەوم لێ بکەوێت. دوێنێ شەو زۆر بەتەلەفۆن قسەمان کرد. پێدەچێت سێ سەعات زیاتر قسەمان کردبێت.

**دێبی:** (شەرم دەیگرێت و پێدەکەنێت) نا ئێد دڵنیابە ئەوەندە مان پێ نەچوو.

**لیندا:** دێبی، کە دوێنێ شەو تەلەفۆنم بۆ کردی واحاڵی بووم وتت دایکت نەیهێشت تەلەفۆن بکەیت. تۆ وتت ڕێگەت پێ نادرێت قسان بکەیت.

**دێبی:** وایە، نەخێر. من و ئێد پاش ئەوەی دایکم چوو نوست قسەمان کرد.

**لیندا:** (تووڕە دەبێت) چاکە، من شتێکی زۆر گرنگ هەیە دەبێت پێتی



بڵێم. تۆ بەئارەزووی خۆت دەدوێیت کاتێک دایکت دیار نەبێت.

**دێبی:** ئۆه.. لیندا. من ناتوانم لەبەرچاو دایکم قسە بکەم. (لەو کاتەدا هاوڕێیەکی ئێد بانگی ئێد دەکات و ئەویش هەڵدەستێتە سەر پێ)

**ئێد:** گوێ بگرن من دەبێت بڕۆم چونکە چۆک چاوەڕوانمە.

**دێبی:** ئێستاش ئەتەوێت دوای قوتابخانە بچیت بۆ مەشقی وەرزش؟

**ئێد:** بەڵێ. دەی دوای دەوام دەتبینمەوە (دەستی ڕادەوەشێنێت) دەتبینمەوە. ئای کە ماوەیەکی درێژە لیندا. (ئێد دەڕوات)

**لیندا:** تەماشا بکە، نازانم چی دەگوزەرێت. بەڵام دەبوایە وەڵامێکی جوان و باشت بدایەتەوە.

**دێبی:** نازانم سەبارەت بەچی قسان دەکەیت. وابزانم تۆش نازانیت.

**لیندا:** ئاخ! تۆ زۆر سەیری. وامزانی ئێمە هاوڕێی چاکی یەکترین.

**دێبی:** بەڵێ هاوڕێی چاکی یەکترین. ئەوە چیتە؟

**لیندا:** دێبی تۆ خۆت باش ئەزانیت دەبوایە ئەم پاش نیوەڕۆیە پێکەوە بچووینایە بۆ بازاڕ. هەروەکو هەموو پاش نیوەڕۆی سێشەمموانێک دەچین.

**دێبی:** ئۆه.. بەداخەوە بیرم چوو کەئەمڕۆ سێشەممەیە. بەڵام لیندا بەهەرحاڵ ئەمڕۆ تەنانەت چوکلێتێکم نەکڕیوە بۆ خۆم چونکە یەک سێنتم لەگیرفاندا نییە.

**لیندا:** خۆت دەزانیت ئەمە هیچ پەیوەندی بە چوونە بازاڕەوە نییە. ئێمە هەمیشە هەر تەماشای شت دەکەین ئەگەر نەشتوانین هیچ بکڕین.

**دێبی:** ئێ وایە من........

**لیندا:** هەموو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەتەوێت لەگەڵ ئێد بیت. بەڵام من لێت ناگەڕێم بەمجۆرە ناشیرینە مامڵەم لەتەکدا بکەیت.

**دێبی:** من مامەڵەی خراپت لەتەکدا ناکەم. تۆ هاوڕێی منی، ئێدیش دۆستمە(دەسگیران)

**لیندا:** ئۆه.. تێگەیشتم. کە کوڕی دۆستت هەبوو، کچی هاوڕێ بایەخی نامێنێت. ئێستا تۆ ئێدیت هەیە بۆیە پێویستت پێم نییە.

**دێبی:** من وام نەوتووە.

**لیندا:** بەڵام تۆ مەبەستت ئەوە بوو، وانییە؟

**دێبی:** نازانم. ئەگەر تۆش دۆستی کوڕت هەبێت ئەوسا تێدەگەیت. من ناتوانم هیچ بکەم ئەمەوێت لەگەڵ ئێد بم.

**لیندا:** منیش ناتوانم هیچ بکەم. تۆ هاوڕێیەکی خراپیت. یەک جاری تر مۆڵەتت دەدەمێ دێبی. یان ئەوەتا ئەمڕۆ لەگەڵ مندا دەچیتە بازاڕ، یان ئەوە لەبیر بکە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوڕێی یەکتر بووینە.

*ئەگەر تۆ دێبی بیت چی دەکەیت؟ ئایا لیندا مافی ئەوەی هەیە توورە بێت؟ بۆچی؟ ئایا لیندا بە جیددی هەوڵ دەدات لە هەستی دێبی حاڵی بێت؟ ئایا دۆستی کوڕ بۆ کچان گرنگترە تا کچی هاوڕێ؟ یان کچی دۆست بۆ کوڕان گرنگترە لە کوڕی هاوڕێ؟*



## شانۆگەری دەیەم:

### بوترێت یان نەوترێت

نووسینی: فلۆرێنس ئەکوینۆ – کاوفمان

**دیمەن:**

ڕاڕەوێکی درێژی نێو سوپەرمارکێتێکە. هاری بۆ تێدی هاوڕێی کە کرێکارێکی تازەیەڕوون دەکاتەوە کە چۆن نرخ لەسەر قوتووی سەوزەوات دادەنرێت.

**هاری:** لەبیرت نەچێت نرخەکان بەشوێنێکەوە دەلکێنیت کە موشتەریەکان بتوانن بیخوێننەوە.

**تێد:** (قوتوویەکی نیشان دەدات کە تازە نرخی لێداوە) وەکو ئەمە؟

**هاری:** بەڵێ، ئەمە زۆر باشە. (مستەر جۆنسۆن کە بەڕێوەبەری سوپەرمارکێتەکەیە دێت بەرەو ڕاڕەوەکە)

**مستەر جۆنسۆن:** چۆنی تێد؟

**تێد:** باشم مستەر جۆنسۆن.

**هاری:** تێد، زوو فێر ئەبێت.

مستەر جۆنسۆن: خۆشحاڵم بەبیستنی ئەمە. کەوابوو ئەتوانین هاوڕێییەکی گەنجی تر لێرە بەکاربخەین. (بێدەنگ دەبێت) بەهەر حاڵ ئەمەوێت کوڕینە چاوتان بکەنەوە و وریا بن.

**هاری:** بۆچی مستەر جۆنسۆن؟

**مستەر جۆنسۆن:** بۆ دز. ئەمە گرفتی بەردەوامانە. بەتایبەت کاتێک نرخەکان دەچێتە سەر.

**هاری:** چاومان کراوە دەبێت مستەر جۆنسۆن.

**مستەر جۆنسۆن:** ئەگەر هەر شتێکی غەریبتان بینی یەکسەر پێم بڵێن هەقتان نەبێت. من خۆم خەمی دەخۆم.

(مستەر جۆنسۆن ئەڕوات بەرەو بەشی پشتەوەی سوپەرمارکێتەکە.)

**تێد:** ئایا تۆ قەت دزت گرتووە؟

**هاری:** نەخێر، بەڵام زۆر جار ئەوانی تر گرتوویانن.

(لەم کاتەدا هاری و تێد پیرێژنێکیان بینی لە کۆتایی ڕاڕەوەکەوە دەستی دەبرد لە سەر ڕەفەکانەوە گۆشتی ماسی دادەگرت و دەیخستنە نێو جانتاکەی شانی)

**هاری:** ئەوەت بینی؟

**تێد:** چی؟

**هاری:** ئەو پیرێژنە قوتویەک گۆشتی ماسی خستە نێو جانتاکەیەوە.

**تێد:** ئینجا چیە ناتوانێت لەوە زیاتر بئاخنێتە نێو سەبەتەکەیەوە. بزانە سەبەتەکەی پڕە.

**هاری:** من وای بۆ دەچم ئەوە دز بێت.

**تێد:** ئەو پیرێژنە ڕەزا سووکە؟ من شەرتت لەگەڵ دەکەم کە پارەکەی دەدات.

**هاری:** حەز ئەکەم ئەو شەرتەت لەگەڵ بکەم بەڵام گوێت لە مستەر



جۆنسۆن بوو چی وت؟ پێویستە هەر ئێستا پێی بڵێین.

**تێد:** هەست ئەکەم وەکو مشک وام.

(کە بەرەو خوارەوەی ڕاڕەوەکە دەڕۆیشتن، پیرێژنەکە بەرەو ڕوویان دەهات. تێپەڕین لەیەکتر و پیرێژنەکە ئاوڕی دایەوە)

**پیرێژن:** تێد برادلی، ئەوە تۆی؟

**تێد:** بەڵێ من تێد برادلیم.

**پیرێژن:** (پێدەکەنێت) ئەبینم نامناسیتەوە. من لەمێژە لەوکاتەوەی بارتان کردووە نەمبینیوی.

**تێد:** (لە پیرێژنەکە ورد دەبێتەوە) مس ڕۆبەرتس؟

**پیرێژن:** دۆزیتەوە، خۆیەتی، تێدی بچووک.

**تێد:** من زۆر بچووک نیم مس ڕۆبرتس.

**هاری:** ئەیناسیت؟

**نێد:** لەو ڕۆژەوەی لەدایک بوومە.

**پیرێژن:** ئەوە چی دەکەیت لێرە؟

**تێد:** ئیش دەکەم لێرە. ئەمەش هاری هاوڕێمە کە ئەم کارەی بۆم دۆزییەوە.

**پیرێژن:** تۆ دەبێت لەقوتابخانە بیت.

**تێد:** بەڵێ لە قوتابخانەم. بەیانیان دەچم بۆ قوتابخانە و دووانیوەڕوانیش لێرە ئیش دەکەم.

**پیرێژن:** کەوابێت زۆر زۆر دەتبینم. من بەردەوام هەموو ڕۆژێک دێم بۆ ئێرە. (بێدەنگ دەبێت) دایکت چۆنە؟

**تێد:** دایکم باشە.

**پیریژن:** ئایا باوکت ئێستاش لۆری لێ دەخوڕێت؟

**تێد:** نەخێر ئێستا نا؟ باوکم کەوت، قاچی شکا. من خۆشحاڵم کە ئەم کارەم هەیە و ئەتوانم یارمەتی بدەم.

**پیریژن:** بەداخەوە گوێم لەم هەواڵە بوو. هیوادارم زوو چاک ببێتەوە.

**هاری:** ئێمە زۆر سەرقاڵین، تێد ئیشمان زۆرە.

**تێد:** دەبێت برۆم کارەکەم بکەم مس ڕۆبەرتس، بەدایکم دەڵێم کە تۆم بینیوە.

**پیریژن:** لەبیرت نەچێت. خۆشحاڵ بووم بەناسینت هاری. (ئینجا بەرەو ڕاڕەوەی سەوزەوات بەڕێ کەوت.)

**تێد:** هاری مس ڕۆبەرتس یەک سێنت نادزێت.

**هاری:** ئەوەی بینیم، بینیم و تۆش بینیت. پێویستە بە مستەر جۆنسۆن بڵێین.

**تێد:** لەوانەیە پارەی پێویستی نەبێت بۆ بژێوی. ئەو بەتەنها دەژێت.

**هاری:** ئەوە چی دەڵێیت تێد. تۆ کەسێک شک دەبەیت کە برسی بێت؟

**تێد:** نەخێر، بەڵام شەوێک لەم شەوانە بەرنامەیەکی تایبەتم لەسەر پیر و پەککەوتەکان بینی. کرێی خانوو زۆر گرانە و پارەیەکی وایان بۆ نامێنێتەوە بۆ خواردن. لەوانەیە مس ڕۆبەرتس یەکێک بێت لەوانە.

**هاری:** تۆ ئەتەوێت لەیەکەم ڕۆژی کارکردنتەوە ڕێز لە فەرمان نەگریت؟

**تێد:** نەخێر، من ئەم کارەم زۆر پێویستە. (بێدەنگی) تەنها یەک قوتووە گۆشتە هاری. جا ئەگەر ئەو پارەکەی نەدا من ئەیدەم.

**هاری:** ئەمە گرنگ نییە. گوێت لێ بوو چی وت. هەموو ڕۆژێک دێت



ئەمەش یانی پێنچ تا شەش قوتووە گۆشت ئەکات لە هەفتەیەکدا.

**تێد:** باشە با ڕاوەستین تا دەچێتە لای کاشێرەکە(ئەو کەسەی پارە وەردەگرێت– مەشخەڵ) ئەگەر قوتووەکەی دەرنەهێنا، ئەوکات بە مستەر جۆنسۆن دەڵێین.

**هاری:** ڕاستی یەکەی نازانم چی بکەم.

*بەبڕوای تۆ کوڕەکان چی بکەن باشە؟ ئەگەر تۆ تێد بویتایە هەستت بەچی دەکەیت؟ ئایا هاری چۆن هەڵوێستی چی دەبوو ئەگەر مس ڕۆبەرتسی بناسیایە؟ ئەگەر کوڕەکان بە مستەر جۆنسۆن بڵێن، ئەوا مستەر جۆنسۆن چی دەکرد؟*

# شانۆگەری یازدەهەم

## هەڵەیەکی گەورە

نووسینی: ئەناستاشیا ڕۆبینس

**دیمەن:**

مس براندۆن دەچێتە ژووری نوستنەکەوە. دەرگاکە دادەخات وتەماشای دەوروبەری دەکات. وا خۆی نیشان دەدات کە شتێکی هەڵە ئەنجام بدات. دەچێت بۆ لای کانتۆرەکەو چەکمەجەکە دەکاتەوە. نامەیەک دەردێنێ و دەیخوێنێتەوە.

**مس براندۆن:** (دەست دەکات بەخوێندنەوە) ئەزیزم ئالیس، زۆر خۆشحاڵ بووم بە بینینت لەشەوی سێشەممەدا. هەموو شتێک بەرێکوپێکی ئەنجام دەدرا. کەس هیچی نەدەزانی. من زۆر بەتوندی بڕوام وایە ئەم گرفتەمان وەلانا. تا ئێستا خراپ نییە. بیرۆکەی ئەوەی شتەکان بدەینە برادەرەکان زۆر باش بوو. هەفتەی داهاتوو ئەگەڕێمەوە ماڵ و ئەوکات قسان دەکەین. خۆشەویستی جێری.

(مس براندۆن بەدەستەکاتی دەموچاوی دادەپۆشێت و دەگریت)

**دیمەن:** ئالیس براندۆن دێتە ژوورەوە. کتێبەکانی لەسەر مێزەکە دادەنێت و پاڵتۆکەی دادەکەنێت.



**ئالیس:** دایکە. هاتمەوە تۆ لەماڵەوەی؟

**مس براندۆن:** من لە چێشتخانەکەم (مەتبەخەکەم) و قاوە لێ دەنێم.

**ئالیس:** (بەرەو مەتبەخەکە ئەڕوات) زۆر چاکە. منیش قاوە دەخۆم و هەروەها ئەتوانین قسەش بکەین پێش ئەوەی دەست بدەمە کتێبەکانم بۆ خوێندن.

**مس براندۆن:** (قاوە تێدەکات) ئایا ئەمشەویش دەچیتە دەرەوە؟ ئەوا دوو هەفتەیە بەردەوام شەوان دەچیتە دەرێ.

**ئالیس:** ئەزانم. خۆشت چاک دەزانیت بەردەوام خەریکی کارکردنی چڕ و پڕم لە مەڵبەندی دەرمانسازی.

**مس براندۆن:** تۆ ئەمە دەڵێیت. ئەی سێشەممە کەی هاتیتەوە؟ دەوروبەری سەعات یەکی شەو چاوم چووە خەو.

**ئالیس:** (تەماشای دوور دەکات)ئۆه، بەڕاستی زۆر درەنگە. داوای لێبوردن دەکەم کە درەنگ وەخت هاتمەوە دایکە. پەیمان بێت لەمەودوا زووتر دێمەوە. بەڵام بۆ سەبارەت بە درەنگ هاتنەوەی سێشەممەم پرسیارت کرد؟ ئەوە ماوەیەکی بەسەردا چووە.

**مس براندۆن:** تەنها بیرم لێ کردەوە و هیچی تر. ئەوەم بەبیردا دەهات کە ئایا هیچ شتێکی سەیرت بینی ئەو شەوە؟

**ئالیس:** سەیر؟ خۆت دەزانیت من هەمیشە شتی سەیر ئەبینم.

**مس براندۆن:** تۆ چۆن بەم شێوەیە قسەم لەگەڵدا دەکەیت؟ من هەمسشە دایکێکی باش بوومە بۆت. ئێستا تۆ هەمیشە وەڵامی (ڕەدم) دەدەیتەوە و شەوانە نایەیتەوە. (بەدەستەکانی دەموچاوی دادەپۆشێت)

**ئالیس:** دایکە چی ڕووی داوە؟ من چیم وت؟ تەماشا، با دەست پێ

بکەینەوە. سەیری وەکو چی؟

**مس براندۆن:** ئەو شەوەی کە دەرمانخانەی ئۆڵسۆن دزراو هەموو دەرمانەکانی بردرا، من تەنها بیرم لەوە دەکردەوە کە لەوانەیە شتێکی سەیرت بینیبێت؟ و تەواو.

**ئالیس:** ئۆه.. ئاوا! وابزانم سێشەممەی ڕابردوو بوو. باشە چی وای لێ کردی بیر لەمە بکەیتەوە؟ ئۆه، ئەو دکتۆرەی کاری بۆ دەکەی. لەوە دەترسێت ئەویش ڕووت بکرێتەوە؟

**مس براندۆن:** (بەپەلە) بۆ پرسیاری دکتۆر ئەکەیت؟ چی وای لێکردی بیر لەوە بکەیتەوە کە دەرمان لە نێو ئۆفیسەکە هەیە.

**ئالیس:** دایکە لەسەر خۆ. من تەنها دوو قسەم کردو هەروەها تۆ خۆت سەری باسەکەت کردەوە نەک من. تۆ وا خۆت نیشان دەدەیت کە من ئەو دزییەم کردبێت.

**مس براندۆن:** (فنجانی قاوەکەی دادەنێت و دەست بە گریان دەکات) من ئیتر تۆ ناناسم. تۆ ئیتر کچی من نیت.

**ئالیس:** تکایە دایکە. وا هەڵسوکەوتم لەگەڵ مەکە. پەیمان بێت ئیتر زووتر دێمەوە ماڵ. باشە؟

**کس براندۆن:** تۆ وتت ئەمشەو دەچیتە دەرەوە.

**ئالیس:** جێری گەڕاوەتەوە. نەختێکی تر دێت بۆ ئێرە و وامان دانا پێکەوە بچینە دەرەوە و سۆدایەک بخۆینەوە.

**مس براندۆن:** نەخێر! من جارێکی تر چارەی ئەو کوڕەم ناوێت لەم ماڵەدا. (لەسەر مێزەکە هەڵدەستێت)

**ئالیس:** (ئەویش هەڵدەستێت و بە شوێن دایکی دەکەوێت)دایکە!ئەوە



چیتە؟ کە جێری هات بۆ ماڵمان تۆ پێت وت خۆشم ئەوێیت وەکو کوڕی خۆم. (مس براندۆن وەڵام ناداتەوە- ئالیسیش دەچێتە لای تەلەفۆنەکە و تەلەفۆن بۆ جێری دەکات)

**ئالیس:** هەلاو جێری؟ گوێ بگرە. مەیێ بۆ ئێرە. من ناتوانم ئێستا قسە بکەم. تا پازدە دەقیقەتر ئەمەوێت لە دەرمانخانەکەدا بتبینم. بەنیازی دیدار.

**دیمەن:** ئالیس و جێری خەریکی سۆدا خواردنەوەن لە نێو دەرمانخانەکەدا.

**جێری:** من ئەمەم پێ خۆش نییە. من بەردەوام هاتوومەتە ماڵی تۆ.

**ئالیس:** ئۆه.. جێری. دایکم ئەمڕۆ شێت ببوو. دەشێ کەسێک ئاواله ڕۆژێکدا هەرەس بێنێت؟ ڕێک بەبەرچاوی خۆشمەوە؟

**جێری:** (سەری بادەدات) لەو باوەڕەدانیم هەرەس هێنان ئاوا بەخێرایی ڕوویدات. پێم بڵێ چی ڕوویدا؟

**ئالیس:** باشە. هەر کە گەیشتمە ماڵەوە دایکم دەستی کرد بە پیاهەڵشاخانم. هاواری دەکرد و دەگریا، پاشان وتی نایەوێت تۆ لەو دەوروبەرە ببینێت.

**جێری:** ئایا گوێی لێت بووە لەسەر تەلەفۆن و بەهەڵە حاڵی بووبێت؟

**ئالیس:** نا نەخێر ئاوا نییە. بەڵام تۆ دەزانیت پرسیاری چی لێ کردم؟ پرسیاری دزینی دەرمانخانەی ئۆڵسۆنی لێ کردم. باشە بۆ وای کرد؟

**جێری:** بەدڵنیاییەوە شتێکی بیستووە. با بیربکەینەوە. تۆ بیرت بۆ چی دەچێت کە کردبێتت؟

**ئالیس:** هەرئەوەیە. من بیرم بۆ هیچ ناچێت کە کردبێتم. بەڵام دایکم

بۆ ئەوە نەدەگریا. ئەو توورە دەبێت و پێم دەڵێت زووتر وەرەوە.

**جێری:** من بیرم لە نامەکانمان دەکەمەوە وەختێک لە سەفەر بووم. هەموو ڕۆژێک نامەمان بۆ یەکتر دەنووسی. ئایا تۆ هیچ نامەیەکت لەبەردەست دانابوو؟ ئایا نامەکان شتێکی وای تێدا بوو تا بەو شێوەیە نارەحەتی بکات.

**ئالیس:** ئۆه.. جێری! ئەمە دەڵێی چی؟ دایکم هەرگیز نامەی ئێمە ناخوێنێتەوە.

**جێری:** تۆ دڵنیای؟ باش بیربکەرەوە.

**ئالیس:** تۆ لەدوا نامەتدا دەربارەی شانۆی نێو مەڵبەندی دەرمانسازی نووسیبووت. من دەزانم تۆ چەند خۆشحاڵ بووی بەوەی کە ئێمە دەمانتوانی بێ ئەوەی هیچ کەسێکی تر پێی بزانێت بنووسین. هەروەها وەختێک خستمانە هەفتەی داهاتوو ئەبێتە سەرسامی. تۆ وتت چەند بیرۆکەی منت بەدڵ بوو بۆ تەواو کردنی و......... ئۆه.. جێری ناکا دایکە خوێندبێتیەوە و خراپ حاڵی بووبێت؟ ئۆه جێری من چی بکەم؟

*ئەگەر تۆ ئالیس بیت چی دەکەیت؟ ئایا لەو باوەڕەدای ئالیس پرسیار لەدایکی بکات کە ئایا نامەکەی خوێندووەتەوە؟ وەڵامی دایکی ئالیس چی دەبێت؟ ئایا پێت وایە ئاساییە کە دایک و باوک نامەی مناڵەکانیان بخوێننەوە؟*



# شانۆگەری دوازدەهەم:

## هەڵبژاردەکان

شانۆگەرییەکە لە سێ پەردەدا

نووسینی: ف. ل. بێرنستەین

**ئەکتەرەکان**

(هاورێکانی مارڤا)

ئێدی

مارڤا

جۆوانا

کارمەن

(هاورێکانی ئێدی)

جۆرج

دارنێڵ

ماسیو

مستەر هێندەرسۆن/ مامۆستای مێژووی ئەمەریکا لە قوتابخانەی ئامادەیی

مستەر دێکستەر / بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیە

چەند قوتابی و هاوڕێیەکی تر

## پەردەی یەکەم

**دیمەنی یەکەم:**

دوا نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممەیە و لە پۆلی مستەر هێندەرسۆن خەریکی خوێندنی وانەی مێژووی ئەمەریکان. مستەر هێندەرسۆن پرسیار سەبارەت بە جەنگی ئەمەریکا و ئیسپانیا دەکات.

**مستەر هێندەرسۆن:** زۆر باشە کێ ناوی ئەو پاپۆڕە جەنگییەم پێ دەڵێت کەلەبەندەری هاڤانا نقووم بوو؟ (تەنها چەند دەستێک بەرزکرانەوە. تۆزێک بیدەنگ ئەبێت و پاشان بەسەر هێما بۆ جۆوانا دەکات) جۆوانا؟

**جۆوانا:** ناوی مانە بوو.

**مستەر هێندەرسۆن:** ڕاستە جۆوانا زۆر باشە. ئێستا کێ پێم دەلێت چی ڕووی دا؟ (تەماشای دەوروبەر دەکات و دەبینێت چەند دەستێک بەرزکراونەتەوە) با کەسێک بدۆزینەوە کە تا ئێستا بەشداری نەکردووە. ئێدی؟

**ئێدی:** (قەشمەری دەکات و وا خۆ دەنوێنێت کە نوستبوو) چی؟ ئێستا (هەموو پێدەکەنن)

**مستەر هێندەرسۆن:** (درێژەی پێ دەدا) زۆر باشە. خۆشحاڵم کە وەڵامەکەت زانی. (زیاتر پێدەکەنن) ئێستا وەڵامەکەتم پێ بڵێ ئێدی؟

**ئێدی:** پرسیارەکەتم پێ بڵێ؟

(پێکەنینێکی کەم کە زۆرتر لەلایەن هاوڕێکانی ئێدیەوە)



**مستەر هێندەرسۆن:** (هەوڵ دەدات باش بێت و درێژە بە وانەکەی بدات) پرسیارەکە ئەوەیە پاپۆڕی جەنگی مانە چی بەسەرهات ئێدی؟

**ئێدی:** پرسیارم لێ مەکە. (بەدەنگی بەرزتر چاو دەگێرێت بۆ پێکەنین) بەڵێ.

(پێکەنینی کەم لەلایەن هاوڕێکانی ئێدییەوە)

**مستەر هێندەرسۆن:** بەڵێ ی چی؟ (بەخۆگریەوە) جارێکی تر ئێدی پاپۆڕی جەنگی مانە چی بەسەر هات؟ ئایا ڕووداو بوو ڕووی دا یان نمایشی جەنگی بوو؟

**ئێدی:** (لەسەرەخۆ وەک ئەوەی بیرکردنەوەی تەواو بێت)ئاه لەو بڕوایە دام (دیسانەوە پێدەکەنێت) ناجیح دەبم.

**مستەر هێندەرسۆن:** (ئارامیەکەی لەدەست دەدات) باشە مستەر. هەڵسە بڕۆ دەرەوە

(سەر دادەخاتە سەر کورسیەکەی بەردەمی و بەڵام نابزوێت)

**مستەر هێندەرسۆن:** (بەتوڕەییەوە پەنجە بۆ دەرگاکە درێژ دەکات) وتم بڕۆ دەرەوە (ئێدی بە هێواشی هەڵدەستێت و کتێبەکانی هەڵدەگرێت و بەرەو دەرگاکە ئەڕوات)

**مستەر هێندرسۆن:** (ڕوو لە ئێدی دەکات بەر لە چوونە دەرەوەی) با بزانین پاش قوتابخانە چیت لەبیر دەمێنێت.

ئێدی (بە ژێر لێوەوە بەڵام دەبیسترا) لە بیری بکە

**مستەر هێندرسۆن:** (زۆر تووڕەیە) چیت پێ وتم؟

**ئێدی:** (ئەگەڕێتەوە دواوە) هیچم پێ نەوتی.

**مستەر هێندرسۆن:** (هەڵدەستێتە سەر پێ و زۆر تووڕەیە) زۆر باشە

ئەم کێشەیە لای بەڕێوەبەر یەکلا ئەکەینەوە. (ڕوو لە قوتابیان دەکات هەوڵ دەدات کۆنترۆڵی تووڕەبوونەکەی بکات.) ئێوەش بۆ سبەینی سەعی (کۆشش) بکەن و نامەوێت هیچ دەنگێکم لەم ژوورەوە گوێ لێ بێت! (هێندرسۆن بە شوێن ئێدی دا دەڕوات و دەرگاکە بە توندی لەدوای خۆیەوە دادەخات.)

**دیمەنی دووەم:**

ژووری بەڕێوەبەرە. ئێدی لەدەرەوەی ژوورەکە دانیشتووە چاوەڕوانی مستەر هێندەرسۆن و مستەر دێکستەرە. بەڕێوەبەر دێتە دەرەوە و قسە دەکات.

**مستەر دێکستەر:** (ڕوو لە مستەر هێندەرسۆن) دواتر یەکتری ئەبینین، بیڵ.

مستەر هێندرسۆن (ئەگەڕێتەوە بەرەو پۆلەکە) باشە، بۆب. سوپاس (مستەر هێندرسۆن ئاوڕ دەداتەوە بێ ئەوەی تەماشای ئێدی بکات.)

**مستەر دێکستەر:** (ڕوو لە ئێدی) وەرە ژوورەوە ئێدی.

(ئێدی کتێبەکانی لەسەر کورسییەکە دادەنێت و هەڵدەستێت و بەشوێن مستەر دێکستەر دەچێتە ژوورەوە.)

**مستەر دێکستەر:** (پەنجە بۆ کورسییەک درێژ دەکات) دانیشە ئێدی (تەماشای ئێدی دەکات پێش ئەوەی دەست بە قسە بکات) ئێدی ئەوە چی ڕووی دا لە نێوان تۆ و مستەر هێندرسۆن؟

**ئێدی:** (تا ئەو کاتەش هەر نەیارە) هیچ. تەنها نەمتوانی وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە.

**مستەر دێکستەر:** هەر ئەمەندە؟ مستەر هێندرسۆن هەر لەبەر ئەوەی



نەتتوانی وەڵامی پرسیارەکە بدەیتەوە تۆی ناردووە بۆ لای من؟ (دەوەستێت، بەڵام ئێدی وەڵام ناداتەوە) وایە ئێدی؟

**ئێدی:** بەڵێ هەر ئەمەندە. تەنها ئەوە نەبێت من لە دوای قوتابخانە ناتوانم بمێنمەوە.

**مستەر دێکستەر:** ئێدی. ئەمە سێیەم جارتە لەماوەی دوو هەفتەدا دێیت بۆ لام.

**ئێدی:** (بەژێر لێوەوە) چوارەم جارە.

مستەر دێکستەر (بەتوندی) چیت وت؟

**ئێدی:** (وا خۆی نیشان دەدات کە گوێی لێ نەبووە) چی بەڕێزم؟ (مستەر دێکستەر تووڕە دەبێت و دەموچاوی سوور هەڵدەگەڕێت)

**مستەر دێکستەر:** ئێدی. ئەتەوێت لە قوتابخانە بمێنیتەوە؟

**ئێدی:** (بێ بیرکردنەوە وەڵام دەداتەوە) زۆر نا (بیری لێ دەکاتەوە و بە خێرایی پاشگەز دەبێتەوە) مەبەستم ئەوەیە، بۆم گرنگ نیە. دەبێت و ئەمەوێت بمێنمەوە.

**مستەر دێکستەر:** ئێدی چاک بیری لێ بکەرەوە. ئیتر ئەوا تۆ دەرکرای.

**ئێدی:** (سەرسام دەبێت) چی؟

**مستەر دێکستەر:** من هەموو هەفتەکە فەسڵت ئەکەم، ئێدی. ئەگەر ئەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ قوتابخانە، ڕۆژی دووشەممە لەگەڵ دایکو باوکت و مستەر هێندرسۆن قسەی لێ دەکەین.

**ئێدی:** (لەسەرخۆ بوونەکەی لەدەست دەدات) مستەر دێکستەر، دایکو

باوکم ئیش دەکەن. ئایا ناتوانین بە بێ ئەوان قسەی لێ بکەین..........؟

**مستەر دێکستەر:** (قسەکەی پێ دەبڕێت) بەهەر شێوەیەک بێت دەبێت بێن ئێدی. نامەیان پێ دەگات سەبارەت بە دەرکردنت ئەگەر ڕۆژی دووشەممە ئامادە نەبن ئەوا دەبێت نامەیەک لە دایک و باوکتەوە بهێنیت داوای ئەوە بکەن کە بتگێڕنەوە بۆ قوتابخانە.

**ئێدی:** مستەر دێکستەر، ناتوانم. مەبەستم ئەوەیە دایک و باوکم ئەم کارە ناکەن ئایا ناتوانم من بۆ خۆم بگەڕێمەوە و..........؟

**مستەر دێکستەر:** (دیسان قسەی پێ دەبڕێت) داوای لێبووردن دەکەم ئێدی. ئەمجارە نا. لەوانەیە ئەمە یارمەتی ئەوەت بدات کە دەتەوێت چی بکەیت. بیرکردنەوە تەواو ئێدی.

ئێدی (کۆڵ دەدات) بەڵێ. (هەڵدەستێتە سەر پێ) تەواو؟

**مستەر دێکستەر:** بەڵێ تەواو ئێدی. ئێستا دەتوانیت بڕۆیت.

(ئێدی لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە و کتێبەکانی لەسەر کورسییەکە هەڵدەگرێت و دەڕوات.)

**دیمەنی سێیەم:**

بەردەم کۆگای کۆڵمانە و قوتابخانە تەواو بووە و قوتابیان لە ڕێگای گەڕانەوەیاندا بۆ ماڵەوە لەو بەردەم کۆگایە دەوەستن. ئێدی پشتی بە پەنجەرەی کۆگاکەوە داوە و مارڤا و جۆوان و کارمەن پێکەوە ڕێ دەکەن و قسە دەکەن. مارڤا ئێدی دەبینێت.

**مارڤا:** ئێدی! (بەپەلە دەچێت بۆ لای و نیگەرانە) ئێدی چی ڕووی داوە؟



**ئێدی:** (خۆشحاڵە بە بینینی، بەڵام لەسەرەخۆیە) هێی دڵەکەم. لەسەرخۆ بە. هیچ ڕووی نەداوە.

**مارڤا:** (بەخۆشییەکەوە بەپەلە قسە ئەکات)هیچ ڕووی نەداوە!ئێدی ئەی ئەوە چیتە لەگەڵ هێندرسۆن؟ ئەم پاش نیوەڕۆیە هەر نەمبینیت. کەس نەیبینیت. جۆوانا وتی.......

**ئێدی:** (قسەی پێ ئەبڕێت) جۆوانا وتی. شەرتت لەگەڵ ئەکەم وتوویەتی.......

(جۆوانا و کارمەن پەیدا دەبن و پێش ئەوەی ئێدی قسەکەی تەواو بکات)

**جۆوانا:** (زۆر هاوڕێیەتی پێخۆش نیە) چی ڕووی داوە ئێدی؟ ئەوە هەر لە قوتابخانەی؟

**ئێدی:** (بەتووڕەییەوە) پرسیار لە هێندرسۆنی هاوڕێت بکە.

**جۆوانا:** واز بێنە ئێدی. ئێمە ناتوانین هەموو لەسەرەخۆ بین تا لەودیو شوشەکانەوە دیار بین.

**کارمەن:** (ڕوو لە جۆوانا) دەی جۆوانا لێیان بگەڕێ با قسە بکەن

(جۆوانا ڕادەکێشێت و بە مارڤا دەڵێت) دوایی دەتبینم؟

(مارڤا سەری ڕەزامەندی دەلەقێنێت وەختێک دەڕۆن)

**مارڤا:** (نیگەرانە بەڵام خۆڕاگرە) ئێدی، ئەمەوێت بزانم چی ڕووی داوە؟

**ئێدی:** وازم لێ بێنە مارڤا (داوای لێبووردنی کرد بەڵام تۆزێک درەنگ) چاو لێ کە، من بۆ چەند ڕۆژێک لە قوتابخانە دەرکراوم. باشە؟ نامەوێت ئێستا لەبارەیەوە بدوێم تێگەیشتیت؟

**مارڤا:** (بریندار دەبێت و هەروەها تووڕەش دەبێت) بەدڵنیاییەوە ئێدی.

تەنها قایل مەبە بە وەی من.......... (بینی ماسیو و جۆرج و دارنێڵ بەرەو لایان دێن) لەبیری بکەم.

**ئێدی:** (دەیەوێت دوای بکەوێت) لاچۆ!

(مارڤا ڕا دەکات پێش ئەوەی ئێدی بتوانێت بە شوێنی بکەوێن، ماسیۆ و جۆرج و دارنێڵ دێن بۆ لای)

**دارنێڵ:** (قۆڵی ئێدی دەگرێت و پێدەکەنێت) کوڕی باش، چی ڕووی داوە؟ تۆ بەتەواوەتی تێک چووی؟

**جۆرج:** تۆ دەبێت زۆر هێندرسۆنت تووڕە کردبێت. من هەرگیز ئەو پیاوەم ئاوا بە تووڕەیی نەبینیوە!

**ماسیۆ:** ئەو پیرە پیاوە دێکستەر چی وت........؟

(ئێدی دڵتەنگ بوو وەختێک مارڤا ڕۆیی بەڵام دیسانەوە دڵی تۆزێک کرایەوە)

**ئێدی:** (وەختێک ڕۆیشتن وردە وردە کەوتنە چێژ وەرگرتن لە چیرۆکەکەی) ئەمە بەو شێوەیە بوو کە ڕووی دا. ئەگەر پێت وایە هێندرسۆن تووڕە بوو، خۆزگە دێکستەرتان ببینیایە! (پێدەکەنێت و ئەوانی تریش لەگەڵیا پێدەکەنن)

## پەردەی دووەم

**دیمەنی یەکەم:**

شەوی شەممەیە و لە هۆڵی قوتابخانە خەریکی سەما و بەزمن. مارڤا و کارمەن و جۆوانا لە گۆشەیەکەوە خەریکی قسە کردنن)

**کارمەن:** (ڕوو لە مارڤا دەکات دڵنیاش نییە بپرسێت یان نا) مارڤا



ئایا ئەمشەو ئێدی دێت؟

**مارڤا:** (نیگەرانە) باشترە نەیەت.

**جۆوانا:** تۆ بۆت نییە بێیت بۆ سەما ئەگەر لە قوتابخانە دەرکرابیت. هەروەها هێندرسۆن ئەمشەو یاوەرە لەم ئاهەنگە..........

**کارمەن:** (دێتەوە بیری) زۆر ڕاستە من لەبیرم چووبوو.

**مارڤا:** خۆزگە بمتوانیایە لەبیری بکەم. خۆزگە هیچ شتێک ڕووی نەدایە.

**کارمەن:** ئێدی چی وت کەتەلەفۆنی بۆ کردی دوێنێ شەو؟ تەلەفۆنی کرد وا نییە؟

**مارڤا:** بەڵێ، بەڵام نەمتوانی قسە بکەم دایکم هەر زوو پێی بڕیم.

**کارمەن:** باشە وتی ئەگەڕێتەوە یان ناگەڕێتەوە؟

**مارڤا:** هیچی نەوت. نایەوێت لەوبارەیەوە قسە بکات.

(مستەر هێندرسۆن بەوێدا ڕەت دەبێت کارمەن و مارڤا بێدەنگ دەبن)

**مستەر هێندرسۆن:** کچینە وام لێ مەکەن قسەتان پێ ببڕم. من تەنها بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا کەس ئامادەیە سەما لەگەڵ مامۆستادا بکات؟

**جۆوانا:** (بەپەلە) من! (هێواشتر کاتێک کچەکانی تر پێکەنین) مەبەستم ئەوەیە، من پێم ناخۆش نییە.

**کارمەن:** (ڕوو لە مارڤا دەکات ئەو کاتەی جۆوانا و مستەر هێندرسۆن چوون بۆ سەما کردن) مارڤا دەبێت دان بەوەدا بنێی کە هێندرسۆن کەسێکی زۆر باشە.

**مارڤا:** ئەزانم کەسێکی باشە. خۆزگە ئێدیش.......... (کەسێک بەپەلە دێت بۆ لای مارڤا و شتێک بە گوێیدا دەچرپێنێت و دواتر بەپەلە دەڕواتە دەرێ)

**مارڤا:** (بیر دەکاتەوە و بەدەنگی بەرز) ئۆه نا ئەمزانی دێت (ڕوو لە کارمەن دەکات و بە چرپەیەکی بەرزەوە وەختێک لە دەوروبەری دەڕوانێت)هێندرسۆن لە کوێیە؟

**کارمەن:** (ئەویش تەماشای دەورو بەر دەکات) ئەوەتا لەوێن (بەسەر هێما دەکات بۆ ئەو شوێنە) ئا لەوێدان. ئەوان نامانبینن. (مارڤا و کارمەن بەپەلە دەڕۆن).

**دیمەنی دووەم:**

دەرەوەی هۆڵی وەرزشە. ئێدی و ماسیۆ و جۆرج و دارنێڵ پێکەوە وەستاون و قسان دەکەن بۆ ئەو قوتابیانەی کۆمەڵەیان کردووە لەدەوریان. کاتێک مارڤا و کارمەن پەیدا دەبن، ئێدی لێیان دادەبڕێ و بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ مارڤا بکات.

**ئێدی:** (پێدەکەنێت) سڵاو.

**مارڤا:** (خۆشحاڵە بەبینینی، بەڵام نیگەرانە) ئێدی! ئێدی ئەوە چی دەکەیت لێرە؟ ئەگەر هێندرسۆن بتبینێ..........

**ئێدی:** هێندرسۆن؟ لێرەیە؟

**مارڤا:** هێندرسۆن یاوەرە و ئێستا خەریکی سەما کردنە، بەڵام......

**ئێدی:** (هەوڵ دەدات هێوری بکاتەوە) باشە باشە. نامێنینەوە لێرە. هاتم بۆ ئێرە تا بتبینم و ئیتر بڕۆین بۆ......

**مارڤا:** (قسەکەی پێ دەبڕێت) ئێدی، ناتوانم لەگەڵ تۆ بڕۆم. ئەگەر دایکم پێم بزانێت ئەوا بۆ یەک ساڵ ناهێڵێت بێمە دەرەوە!



**ئێدی:** (بەسەرسامییەوە) بۆچی؟ پێم وابوو تۆ ئەڵێیت دایکم تۆی خۆش ئەوێت.

**مارڤا:** خۆشی ئەویستی تا ئەو کاتەی کە زانی تۆ لە قوتابخانە دەرکراوی. تەنانەت دوێنێ شەو نەیدەویست بەتەلەفۆن قسەت لەگەڵ بکەم. (مارڤا بێدەنگ دەبێت و هەناسەیەک هەڵدەکێشێت) بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەویش لێم بگەڕێت من لەگەڵتا نایەم.

**ئێدی:** (سەری با دەدات) ئای ئەم شتە بێمانایە چیە دێتە ڕێم. بڕوام نەدەکرد ئەمە ڕوویدات!

(ئێدی لە جێگای خۆی وەستا و مستەر هێندرسۆن کە تازە لە باڵەخانەکە هاتە دەرێ بەرەو ڕووی ئەم کۆمەڵە هات. مستەر هێندرسۆن دەستی بەقسەکردن کرد پێش ئەوەی ئێدی ببینێت)

**مستەر هێندرسۆن:** زۆر باشە هەر هەموو دەزانن کە نابێت ساختمانەکە جێ بهێڵن.. ئێدی! ئەوە چی دەکەیت لێرە؟ (ئێدی جوڵەی لە خۆی بڕیوە بەڵام وەڵام ناداتەوە)

**مستەر هێندرسۆن:** (ڕوو لە وانی تر دەکات) ئەگەر دەتانەوێت بمێننەوە ئەوا دەبێت بڕۆنە ژوورەوە. (ڕوو لە ئێدی دەکات تورە نییە و لەسەرەخۆیە) داوای لێبوردن دەکەم ئێدی تۆ دەبێت بڕۆی.

**ئێدی:** من دڵنیام تۆ داوای لێبوردن دەکەی.

**مارڤا:** تکایە ئێدی!

**مستەر هێندرسۆن:** گەر وا بیر دەکەیتەوە من ئەڕۆم بۆ..........

**ئێدی:** (قسەی هەردوکیان ئەبڕێت) باشە مستەر هێندرسۆن.

(تەماشای مارڤا دەکات وەختێک ئاوڕ لە هاوڕێکانی دەداتەوە)دە ی با بڕۆین ئێرە جێ بهێڵین.

(ئێدی و هاوڕێکانی دەڕۆن. مارڤا بەڕاکردن دەڕواتە ژوورەوە و کارمەنیش بە شوێنیا. مستەر هێندرسۆنیش دەگەڕێتەوە ژوورەوە)

**دیمەنی سێیەم:**

نزیک بەسەعاتێک دوای ڕۆیشتنی ئێدی و هاوڕێکانی، سەماکردن تەواو بووە، خەڵکەکەش پاڵتۆکانیان ئەکەنە بەر و خۆئامادە دەکەن بۆ ڕۆیشتن.

**کارمەن:** هەر ئەوەندە سەما!، تەنانەت مۆزیکەکەش باش نەبوو

**مارڤا:** (تا ئەو کاتەش هەر تووڕەیە) دەبوایە هەر نەهاتمایە، دەبوایە بمزانیایە شتێکی وا ڕوو دەدات............

(کەسێک بانگی کارمان دەکات بۆ تەلەفۆن)

**کارمان:** (بەدەم ڕاکردنەوە هاوار دەکات) ئەوا هاتم!

**جۆوانا:** مارڤا، ئەزانم ئەمە جوان نییە بەڵام مستەر هێندرسۆن هیچی لەگەڵ ئێدی نییە. ئەرێ بەڕاست ئایا ناتوانین بەشێوەیەک لە شێوەکان یارمەتی ئێدی بدەین، ئەو یارمەتی دەدات.

**مارڤا:** (ماندووە) جۆوانا، ئەزانم دەتەوێت یارمەتی بدەیت بەڵام ئێستا ناتوانم چیتر باسی ئەم بابەتە بکەم –. بەهەرحاڵ تەنها یەک کەس هەیە دەتوانێت یارمەتی ئێدی بدات ئەویش ئێدی خۆیەتی.

**کارمەن:** (بەپەلە دێتە ژوورەوە) مارڤا!



**مارڤا:** (دەترسێت) چی چی بووە؟

**کارمەن:** (زۆر بە دڵتەنگییەوە دەدوێت) ئەوە جۆرج بوو. گیراون و دەبێت شتێک بکەین!

**مارڤا:** گیراون؟ کێ؟ ئێدی؟

**جۆوانا:** کارمەن! لەسەر خۆ بە تێت ناگەین.

**کارمەن:** (هەناسەی دەگیرێت) جۆرج... ئێدی... هەر هەموویان گیراون. پۆلیس ئەڵێت دوکانیان بڕیوە.

**مارڤا:** ئۆهـ.. نا! بڕوا ناکەم.

**جۆوانا:** چ دوکانێک؟ کەی کارمەن؟

**کارمەن:** (هێشتا هەناسەی سوارە) نازانم لە کوێ بەڵام وتی ئەوان نەبوونە و ئەوان لەوێ نەبوونە کە دزییەکە ڕووی داوە.

**مارڤا:** کارمەن! ئەوە باسی چی ئەکەیت؟

**کارمەن:** (هاوار دەکات) ئەوان لێرە بوونە کە دوکانەکەیان بڕیوە ئەوکات ئەوان لەدەرەوە بوون.

**جۆوانا:** ئێ کەوایە ئەوان نەبوون.

**کارمەن:** (هەر هاواریەتی) منیش ئەمویست ئەمەتان پێ بڵێم.

**مارڤا:** پێویستە بچینە خوارەوە و بچین بە دەنگیانەوەو بەریان بدەین.

**جۆوانا:** (لەسەرخۆ و هێمنە) نەخێر ناتوانین بەریان بدەین.

**مارڤا و کارمەن:** ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟

**جۆوانا:** باشە ئەگەر پۆلیس بڕوای پێ نەکردین؟ لەوانەیە وا بیربکەنەوە کە ئێمە درۆ دەکەین تەنها بۆ ئەوەی لە زیندان بەریان بدەین. بەڵام لەوانەیە بڕوا بە مستەر هێندرسۆن بکەن.

**مارما:** (ئەیقۆزێتەوە) تۆ ڕاست دەکەیت، جۆوانا. ئەو تەنها کەسە دەتوانێت یارمەتیمان بدات. بەڵام ئایا ئەو کارە دەکات؟ پاش ئەوەی ئێدی بەو شێوەیە......

**کارمەن:** بەڵێ ئەیکات!

**جۆوانا:** ئەیکات با بڕۆین.

(جۆوانا و مارڤا و کارمەن بەپەلە دەڕۆنە دەرێ)

## پەردەی سێیەم

**دیمەنی یەکەم:**

دەرەوەی قوتابخانەیەو سەرلەبەیانی دووشەممەیە. قوتابیان کۆمەڵ کۆمەڵن و قسان دەکەن. مارڤا بەرەو دەرگاکە ئەڕوات کاتێک جۆرج و دارنێڵ پێی دەگەن.

**جۆرج:** مارڤا، دوێنێ قسەت لەگەڵ ئێدی کرد؟

**مارڤا:** (ئاوڕێکی دایەوە تا بزانێت کێ قسەی لەگەڵ دەکات) ئۆهـ.. جۆرج، سڵاو. بەڵێ دوێنێ شەو قسەم لەگەڵی کرد.

**جۆرج:** چی وت؟ ئایا دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە؟

**دارنێڵ:** (نیگەرانی پێوە دیارە) ئایا هیچی درکاند سەبارەت بە شەوی شەممە؟

**مارڤا:** پێی وتم کە ئەمڕۆ دێتەوە، و ئەمەش تاقە دەرفەتە بۆ دووان لەم مەسەلەیە. بۆچی؟ ئەی تۆ هیچت بەر گوێ نەکەوتووە؟

**جۆرج:** (بەپەلە پەل) نا نا تەنها بیرم لەوە ئەکردەوە کە چی ڕووی دا.

**مارڤا:** دارنێڵ شەوی شەممە چی ڕووی دا؟





**دارنێڵ:** (زۆر بە خیرایی) مەبەستت چیە، چی ڕووی دا؟

**مارڤا:** خۆت دەزانی مەبەستم ناوەندی پۆلیسە.

**دارنێڵ:** ئاهـ.. شتێکی وا نەبوو.

**جۆرج:** هێندرسۆن هات و قسەی لەگەڵ پۆلیس دا کرد و دواتر ئێمەش بەرەڵڵا کراین.

**دارنێڵ:** تەنها ئێدی نەبێت کە لەگەڵ هێندرسۆن مایەوە.

**مارڤا:** (پێدەکەنێت) ئەزانم. بڕوام نەدەکرد. ئێدی وتی کە ئەمڕۆ هەموو شتێکم بۆ ئەگێڕێتەوە.

**جۆرج:** ئۆهـ؟ چیتری وت؟

**دارنێڵ:** (بەپەلە پەل) چیت بۆ ئەگێڕێتەوە؟

**مارڤا:** نازانم چیم بۆ ئەگێڕێتەوە. ئەوە چیتانە بۆ وا ئەکەن؟

(پێش ئەوەی کەسیان وەڵام بدەنەوە، جۆوانا پەیدا دەبێت)

**جۆوانا:** ئەوە چی ڕووی داوە؟

**جۆرج:** (ڕوو لە مارڤا دەکات) گوێ بگرە ئەگەر ئێدیت بینی بەر لەئێمە، ئەوا پێی بڵێ کە ئیشمان پێی هەیە؟

**دارنێڵ:** بە زووترین کات دەبێت بمانبینێت.

(دارنێڵ و جۆرج ئەڕۆن)

**جۆوانا:** ئەوە چی بوو؟

**مارڤا:** (بیری لێ دەکردەوە) نازانم جۆوانا. زۆر سەیر ڕەفتاریان دەکرد.

(زەنگی قوتابخانە لێ دەدات و مارڤا و جۆوانا لەگەڵ قوتابیەکانی تر دەچنە ژوورەوە.)

**دیمەنی دووەم:**

هۆڵی ناو قوتابخانەکەیە. قوتابیان ڕیزیان بەستووە بۆ نانی نیوەڕۆ. مارڤا و کارمەن بەدەم قسە کردنەوە دێنە ڕیزەوە. ئێدیش پەیدا دەبێت و لەپشتیانەوە ڕیز دەگرێت و دەست لەسەر شانی مارڤا دەدات.

**ئێدی:** مارڤا...... (سەیرێکی کارمەن دەکات) سڵاو

**مارڤا:** (ئاوڕ دەداتەوە) ئێدی ئەوە من شوێن نەما بۆت نەگەڕێم.

**کارمەن:** سڵاو، ئێدی!

ئێدی (ڕوو لە مارڤا دەکات) ئێستا هاتمە دەرەوە. (مارڤا ڕادەکێشێتە لاوە) تۆ دەقەیەک وەرە.

**مارڤا:** ئێدی چی ڕووی داوە؟

**ئێدی:** (پێدەکەنێت بەڵام دڵخۆش نییە) من گەڕاومەتەوە بەڵام لەژێر چاودێریم.

**مارڤا:** ئۆه.. زۆر خۆشحاڵم. دوێنێ بەو شێوەیەی کە باست کرد دڵنیا نەبووم کە ئەگەڕێیتەوە یان نەء. بەڵام شەممە چی ڕووی دا؟ هێندرسۆن چی وت؟ بڕوا ناکەم تۆی بردبێتەوە ماڵەوە.

**ئێدی:** بڕوات نەکرد. (پێدەکەنێت) تەسەور بکە هەستم بە چی کرد لە بیری خۆمدا کاتێک بینیم هاتە نێو ناوەندی پۆلیسەوە.

**مارڤا:** زۆر باشە پێم بڵێ. لە ناوەندەکەوە دەست پێ بکە.

**ئێدی:** زۆر باشە. هێندرسۆن هاتە ژوورەوە و وتی کە بیستوویەتی چەند قوتابییەکی لێرەن و داوای کرد بزانێت کە بۆچی ئێمەیان گل داوەتەوە. پێیان وت. ئەویش وتی کە ئێمە لە ئاهەنگ بووینە و ئیتر ئێمەیان بەردا.



**مارڤا:** بەڵام بیستم کە ئێوەیان گرتووە؟

**ئێدی:** منیش وام هەست کرد، بەڵام ئێمەیان گل دابۆوە بۆ پرسیار کردن. بەهەرحاڵ لەسەر قسەی هێندرسۆن ئێمەیان ئازاد کرد.

**مارڤا:** ئەمە هەموو شتێکە و تەواو؟

**ئێدی:** بەڵێ لەگەڵ پۆلیس.– بەهەرحاڵ سوپاس بۆ هێندرسۆن. بەڵام من لەژێر چاودێریم.

**مارڤا:** بەڵێ، بەڵام تۆ گەڕایتەوە ئێدی. ئەمە گرنگترین شتە. (تەماشای ئێدی دەکرد کە سەری خۆی شۆڕ کردبووەوە) ئێدی؟ چی ڕووی داوە؟

**ئێدی:** (سەری بەرز دکاتەوە) ئۆه.. هیچ نەبووە. تەنها... تەنها بیرم دەکردەوە و هیچی تر.

**مارڤا:** (بەهێمنییەوە) ئێدی، ئەزانم شتێک ڕووی داوە. چی بووە ئێدی؟ خۆ هیچت لەگەڵ هێندرسۆن نەکردووە.

**ئێدی:** (بەپەلە و سەرسامیەوە) نەخێر، ئەگەر هێندرسۆن نەبوایە من نەدەگەڕامەوە. هێندرسۆن زۆر باشە.

**مارڤا:** (هەر سۆراخ دەکات) ئەی چی بووە ئێدی؟ چ شتێک ئازارت دەدات؟

**ئێدی:** (وەختە کۆڵ بدات) مارڤا من نابێت ئەمەت پێ بڵێم. ئەوە شەوی شەممە ڕووی دا.

**مارڤا:** چی؟ مەبەستت لە کاتی ئاهەنگەکەیە.

**ئێدی:** (سەری بادەدات) نەخێر، بەڵکو سەبارەت بەو دوکانەیە. مارڤا ئێمە دوکانەکەمان بڕی.

**مارڤا:** ئێدی! تێ ناگەم. ئێوە نەبوون. ئەی ئێوە لای ئاهەنگەکە نەبوون!

**ئێدی:** ڕێک دوای ئەوەی ئاهەنگەکەمان جێ هێشت. مارڤا زۆر دڵتەنگ بووم زۆر..... نازانم بۆ وام کرد؟ بۆ لەوێ...... ئەو شتەمان شکاند.

**مارڤا:** ئەگەر تۆ بوویت ئەی پۆلیس بۆ ئازادی کردی؟

**ئێدی:** ئێمەیان نەگرت تا چەند سەد مەترێک دوورکەوتینەوە. پاشان هێندرسۆن قسەی بۆ کردین. نازانم. تەنها نەیانتوانی هیچمان بەسەردا ساغ کەنەوە و تەواو.

**مارڤا:** ئێدی، ئەی ئێستا چی ئەکەیت؟

**ئێدی:** (بە ماتییەوە) نازانم. نازانم چی بکەم. دەبێت بیر لەوانی تریش بکەمەوە. باشە چی بکەم؟

**مارڤا:** ئەتەوێت لەو بارەیەوە بدوێیت؟

**ئێدی:** (سەری ڕەزامەندی دەلەقێنێت) باشە. (سەر بەرز دەکاتەوە) ئەی وانەکەت؟

**مارڤا:** گوێی مەدەرێ (مارڤا و ئێدی لەگەڵ زەنگی قوتابخانە دەچنە دەرەوە).

**دیمەنی سێیەم:**

دەرەوەی قوتابخانەیە. قوتابخانە تەواو بووە و مارڤا بەتەنها وەستاوە و چاوەڕوانە. کارمەن دێت بۆ لای.

**کارمەن: مارڤا:** تۆ و ئێدی بۆ کوێ چوون؟ (پێدەکەنێت) دڵنیات بە مس ویڵسۆن گەشگە گرتی وەختێک درەنگ هاتیە ژوورەوە. (لە



کاتی وەڵامدانەوەی مارڤادا جۆوانا دێت)

**مارڤا:** ئاسایی بوو

**جۆوانا:** مارڤا، ئێدی چی بە هێندرسۆن وتووە؟ ، زۆر جیددی دیارن. وامزانی ئیتر ببڕای ببڕ هیچیان پێکەوە نابێت.

**مارڤا:** گوێ بگرن دواتر لای کۆگای کۆڵمۆن ئەتانبینم.

**جۆوانا:** (ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوە و خۆی پیا دەکات)بەڵێ مارڤا (قۆڵی کارمەن دەگرێت) کارمەن با بڕۆین.

**مارڤا:** (لەکاتی ڕۆیشتنیاندا) سوپاس جۆوانا.

(یەک دوو دەقیقە پاش ڕۆیشتنی کارمەن و جۆوانا ئێدی پەیدا دەبێت و لای دەرگاکەوە دەوەستێت)

**ئێدی:** مارڤا من ماوەیەک لێرە ئەوەستم.

**مارڤا:** (نیگەرانە) پێت وت؟

**ئێدی:** (پێدەکەنێت) بەڵێ، هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە،هەموو شتێک باش دەبێت.

**مارڤا:** ئەی سەبارەت بە جۆرج و ئەوانی دی

**ئێدی:** لەگەڵ ئێمەدان. ئەبێت بگەڕێمەوە. دواتر تەلەفۆنت بۆ دەکەم.

**مارڤا:** (زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات) زۆر باشە. (ئێدی دەگەڕێتەوە) ئێدی!

**ئێدی:** چی؟

**مارڤا:** من تەلەفۆنت بۆ دەکەم. دایکم، لە بیرتە؟

**ئێدی:** (پێدەکەنێت) ئۆه.. لە بیرم چوو. گوێی مەدەرێ. ئەمەش چارەسەر دەکەین. دواتر قسەت لەگەڵ دەکەم، مارڤا سوپاس.

(مارڤا سەر دەلەقێنێت و دەستی ڕادەوەشێنێت وەختێک ئێدی دەگەڕێتەوە نێو ساختمانەکە. پاشان مارڤا ڕوو وەردەگێڕێت و بەزەردەخەنەیەکەوە دەڕوات)

تەواو

سەرچاوە:
Action
Play book
Editor/ Dolly Hasinbiller
Scholastic Book Services 1977
Printed in the U.S.A.



## پێڕست

شانۆگەری یەکەم: چی لە تۆماس دەکەیت؟ نووسینی: ف. ل. بێرنستەین ........... 7
شانۆگەری دووەم: بیانوو – نووسینی: جولیا ڕیماین پیگین ........................................ 9
شانۆگەری سێیەم: ببە بە هاوڕێ – نوسینی: دەینا ئاناستیاسۆ ............................ 13
شانۆگەری چوارەم: کار بۆ جودی نووسینی: پاتتی بریسکۆ .................................... 16
شانۆگەری پێنجەم: قەرز – نوسینی: تۆم مێلەرس ........................................................ 20
شانۆگەری شەشەم: ئەی من – نوسینی: ڕیکی سۆلینگەر ........................................... 23
شانۆگەری حەوتەم: خەڵات – نووسینی: ڕیکی سۆڵینگەر ........................................... 27
شانۆگەری هەشتەم: خاڵ – نووسینی: ف. ل. بێرنستەین ........................................ 32
شانۆگەری نۆیەم: چاکترین هاوڕێ – نووسینی: ڕیکی سۆلینگەر ......................... 38
شانۆگەری دەیەم: بوترێت یان نەوترێت – نووسینی: فلۆرێنس ئەکوینۆ .............. 42
شانۆگەری یازدەهەم: هەڵەیەکی گەورە – نووسینی: ئەناستاشیا ڕۆبینس ........ 48
شانۆگەری دوازدەهەم: هەڵبژاردەکان – نووسینی: ف. ل. بێرنستەین ................. 52